MUKIRYANI

ESTABLISHMENT FOR RESEARCH & PUBLICATION

دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی

بۆ خوێندنەوە و داگرتنی سەرجەم کتێبەکانی دەزگای

موکریانی سەردانی ماڵپەڕی دەزگای موکریانی بکە...

www.mukiryani.com

بۆ پەیوەندی..

info@mukiryani.com

نوسینی: عەلی مورتەزەوی

قاچاغی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان و یاسای نێونەتەوەیی

وەرگێڕانی: ب. مانی

هەولێر - 2007

ناوی کتێب: قاچاغی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکانو یاسای نێونەتەوەیی

- نووسینی: عەلی مورتەزەوی
- وەرگێڕانی: ب. مانی
- نەخشەسازی ناوەوە: هەردی
- بەرگ: ئاسۆ مامزادە
- ژمارەی سپاردن: (1372)
- تیراژ: (750) دانە
- چاپی یەکەم 2007
- نرخ: (1000) دینار
- چاپخانە: چاپخانەی خانی

زنجیرەی کتێب (23)

دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی
www.mukiryani.com
asokareem@ maktoob.com
Tel: 2260311

پێرست

پێرست 3
پێشەکی 7
دەلاقە 9
پێناسەکان 10
ماددەی هۆشبەر 10
گیرۆدەبوون (اعتیاد) 11
خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان 11
پۆلێنکردنی جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان 12
- مادده ئەفیونییەکان 12
- ماددەی کانابس 12
- دەرمانە سەرخۆشکەرەکان 12
رەوتی مێژوویی مادده هۆشبەرەکان 13
رەوشی گشتی بەرهەمهێنان و مەسرەفکردنی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا .. 14
دۆزینەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئاستی نێو نەتەوەییدا 17
رەوشی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا 19
کورتە مێژووی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا: 19
رەوتی یاسادانان و خەبات لە دژی مادده هۆشبەرەکان 21
أ- بەر لە شۆرشی ئیسلامی 21
ب- دوای شۆرشی ئیسلامی 24
رەوشی گیرۆدەبوون لە وڵات 25

کۆنترۆڵی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان 29
دامەزراوە سەرەکییەکان 29
1- کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان 29
2- لیژنەی نێونەتەوەیی کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان (INCB) ... 30
3- بەرنامەی کۆنترۆڵی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان(UNDCP) 30
4- کۆمیسیۆنی مادده هۆشبەرەکان 30
5- شوورای ئابووری و کۆمەڵایەتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان: ... 31
رێکخراوە لاوەکییەکان 31
1- رێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O) 31
2- رێکخراوی پۆلیسی تاوانی نێونەتەوەیی (ئینتەرپۆل) 31
3- رێکخراوی گومرگی جیهانی (W.C.O) 32
4- کۆمیسیۆنی گواستنەوەی هەوایی نێونەتەوەیی (ANC) 32
رێکخراوە لاوەکییەکانی دیکە 32
کۆهەنگاوی جیهانی دژی مادده هۆشبەرەکان 33
گرووپە سیستماتییەکان و قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان..... 39
دەسەڵاتی وڵاتان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانە نێونەتەوەییەکان 41
1- دەسەڵاتی خاك 42
2- بنەمای دەسەڵاتی جیهانی 42
3- بنەمای دەسەڵاتی جیهانی 42
لایەنەکانی قەدەغەبوون و خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان 43
دیاردەکانی دیکەی قەدەغەکردن و خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان..... 46
ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان 46
پێویستیی هاوکاری نێونەتەوەیی دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان 50
پەیماننامەکان و هاوکارییە نێونەتەوەییەکان لە دژی مادده هۆشبەرەکان .. 52

میکانیزمەکانی بەرگریکردن لە ئاستی نێونەتەوەییدا 54
1. هۆکارەکانی چوونەسەری ویستە و دەرخستە 55
2. هۆکارەکانی کەمبوونەوەی ویستە و دەرخستە 56
دەرەنجام 58

پێشەکی

ئەم نووسراوەیە، پوختەی نامەیەکی ماستەرە دەربارەی قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان، کە لە بەشی یاسا نێونەتەوەییەکان لە ساڵی 2001 دا ئامادە کراوە.

ئەم نامەیە لە لایەن ناوەندی خەبات لە دژی مادده هۆشبەرەکانەوە پاش پێداچوونەوە لە 357 لاپەڕەدا چاپکراوەو لەلایەنی مێژوویی، سیاسی، یاسایی، بەرهەمهێنان، دابەشکردنو رەهەندە نیشتمانیو جیهانییەکانی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان، ترانزێتو قاچاخی نێونەتەوەیی ئەو ماددەیە دەکۆڵێتەوە.

لەم کورتە باسەدا، ئەو بابەتانەی سەرەوەو گۆرانکارییە یاساییەکانو هەنگاوە نێو نەتەوەییەکان، خەباتی جیهانی لە دژی قاچاخو خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکانو گرنگترین ئاستەنگەکانی سەر رێی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ترانزێتی مادده هۆشبەرەکانو رێگاچارە نێو نەتەوەییەکان بۆ پێشگیریکردن بە کورتی خراونەتە روو، هیوادارم جێی رەزامەندی بێت.

سوپاسی بێپایان بۆ نووسەری ئەم بەرهەمە بەرێز (عەلی مورتەزەوی).

محەمەد عەلی زەکەریایی

بەڕێوەبەری گشتی ناوەندی توێژینەوەکان،

بارهێنان و تەکنەلۆژیا

دەلاقە

مادده هۆشبەرەکان وەك بەڵایەکی کۆمەڵایەتی، دیاردەیەکی زیانبەخش و ماڵوێرانکەر و پەتایەکی گەورەی جیهانی ناسێنراوە. کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەر لە سەرەتاوە تاکو ئێستا، دەستەویەخەی گەلێك بەڵاو قەیرانی جۆراوجۆر بووە، کە هەندێکیان مانو بەردەوامبوونی مرۆڤی خستۆتە مەترسییەوەو بەشێکیان نەخشەی سیاسیو جوگرافیایی جیهانیان گۆڕیوە. کێشەی مادده هۆشبەرەکان و تلیاك کێشان لە هەموو وڵاتاندا ریشەیەکی مێژووییان هەیە، بەڵام ئەو شتەی کە ئەم دیاردەیەی کردۆتە پەتایەکی جیهانی و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییو هۆکارێکی زیانبەخش بۆ سەر سەلامەتی فیکری، جەستەیی و ئەخلاقی ئینسانەکان، بریتییە لە قاچاخی نێونەتەوەیی ئەو ماددەیەو پەرەسەندنی ئەم بازرگانییە دزێوە مەرگهێنەرەو خراپ بەکارهێنانی لە ئاستی جیهاندا. بازرگانیکردن بە جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکانەوە، دوای بازرگانی چەكو تەقەمەنی، پڕقازانجترین بازرگانییە لە ئاستی جیهاندا[1]. هەر بۆیە لە پرۆسەی ئابووری جیهانیدا، ناکرێ شوێنگەی مادده هۆشبەرەکان لەبەرچاو نەگرین. بەردەوامبوونی ئەم بازرگانییە بەستراوەتەوە بە داخوازی بۆ بەکارهێنانی ئەو ماددەیە. هەتا داخوازی بۆ کێشانی مادده هۆشبەرەکان بچێتە سەر، بازاڕی رەشی ئەم بازرگانییە مەرگهێنەرەش رەونەق پەیدا دەکا.

سەرباری بوونی پەیماننامە نێو دەوڵەتییەکان، هەوڵی کۆمەڵگەی جیهانیو رێکخراوە جیهانییەکانو قاچاخی نێو نەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان، رۆژ بە رۆژ پەرەی سەندووەو هەنگاوە نیشتمانییەکانی وڵاتان بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم دیاردەیەو خەبات لەدژی ئەو ماددەیە هیچ ئاکامێکی بەدواوە نەبووە.

1- رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان قازانجی پەتی بازرگانیکردن بە ماددەهۆشبەرەکان بە 400 تا 600 ملیارد دۆلار خەملاندووە.

نووسەر لەم بەرهەمەدا هەوڵیداوە رەهەندە مێژوویی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی مادده هۆشبەرەکان شرۆڤە بکاو، رەوشی ئەم دیاردەیە لە رووی ترانزێتو قاچاخی نێونەتەوەیی ئەو ماددەیە لە ئاستی جیهاندا و هەروەها هەوڵی دەوڵەتو رێکخراوەکان لە ئاستی نەتەوەییو نێونەتەوەییدا، بەشێوەیەکی گشتی، نیشان بدا و ئیرادەی نێونەتەوەیی بۆ خەبات لە دژی قەیرانی مادده هۆشبەرەکانو بە سەرنجدان بە خەسڵەتی هەڕەشەکەرانەی ئەو ماددەیە، پێویستی گرتنە پێشی ستراتیژێکی کاریگەریی نیشتمانیو هاوکارییە نێو نەتەوەییەکانو هاوئاهەنگکردنی بەرنامەی نیشتمانی وڵاتان دەربڕێو میکانیزمی پێشگیرانەی نێو نەتەوەیی، سەبارەت بە کۆنترۆڵکردنو کەمکردنەوەی کڕینو فرۆشتنی نایاساییو خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، بخاتەڕوو و رێگاچارەکانی خۆی بۆ بەربەرەکانیکردن لەگەڵ ئەم دیاردەیە لە ناوخۆی وڵاتدا نیشان بدات.

پێناسەکان

ماددەی هۆشبەر[1]

مانای ئەم وشەیە بریتییە لە ماددەیەکی سستکەرو ئەو شتەی کە مێشكو دەماخ سستو سڕ دەکاو بە شێوەیەکی تایبەتی بە ماددەیەك دەوترێ کە ویستو ئیرادەو کرداری مرۆڤ لاوازو ناهەموار دەکاو جەستەش پیرو پەککەوتە دەکا.

1- مادده هۆشبەرەکان، بەو ماددەیە دەڵێن کە لە ژێر چاودێری تاقە رێکەوتننامەی ماددەهۆشەبەرەکانی پەسندکراوی 1961و رێکەوتننامەی مادده سەرخۆشکرەکانی پەسندکراوی 1971و رێکەوتننامەی مادده هۆشبەرەکانو مادده سەرخۆشکەرەکانی پەسندکراوی 1988دا بووەو لە خشتەی ژمارە1و2و رێکەوتننامەی 1961و خشتەی ژمارە 1، 2، 3، و4ی رێکەوتننامەی 1971دا باسی کراوە.

گیرۆدەبوون (اعتیاد)

گیرۆدەبوون بە مادده هۆشبەرەکان، بریتییە لە ژەهراویبوونی لە رادەبەدەر یان درێژخایەن کە زیان بەتاك و کۆمەڵ دەگەیەنێ‌و بە دەرەنجامی بەکارهێنانی دەرمانی سروشتی یان کیمیایی لە قەڵەم دەدرێ. تایبەتمەندییەکانی ئەم حاڵەتە بریتین لە داواکارییو پێویستی بۆ بەردەوامبوون لە سەر بەکارهێنان، حەز و مەیلێکی زۆر بۆ زێتر کێشان‌و گیرۆدەیی دەروونی‌و جەستەیی بەو ماددەیە.

خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان

بریتییە لە بەکارهێنانی نایاسایییانەی هەرچەشنە ماددەیەکی هۆشبەری قەدەغەکراوو ئەو ماددانەی کە لە ژێر کۆنترۆڵی رێکەوتننامەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پەسەندکراوی 1961و1971 دان‌و بە بێ مۆڵەتی پزیشکی‌و بۆ مەبەستی دیکە بەکاردەهێنرێن[1].

1- بە پێی رێکەوتننامە نێونەتەوەییەکان لە نێو 1000ماددەدا، 266 مادده ناسراون و کونترۆڵکراون.

پۆلێنکردنی جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان[1]

- مادده ئەفیونییەکان

بەو دەرمانانە دەوترێن کە لە گیای خەشخاش و بنچکی کۆکا دروست دەرکێن و دەچنە خانەی دەرمانە ئەفیونییەکانەوە[2] و ناسراوترینیان بریتین لە تلیاك (Opium)، مۆرفین (Morphin)[3]، هیرۆین (heroine) کۆدۆیین (Codein)و کۆکاین[4].

- ماددەی کانابس

کانابس، بە بەرهەمەکانی گیای شادانە (Gallow) دەووترێ و گراس (Cheras)و ماری جوانا دوو دەرمانی هۆشبەری سەر بەم گرووپەن.

- دەرمانە سەرخۆشکەرەکان

دەرمانە سەرخۆشکەرەکان یان سایکوتروپ، بەو بەرهەمە دەرمانی، کیمیایی و پیشەسازییانە دەوترێن کە کاردەکەنە سەر سیستمی ناوەندی

1- رێکخراوی تەندروستی جیهانی مادەهۆشبەرکانی بە چوار دەستە دابەشکردووە کە بریتین لە:
أ. ماددەهۆشبەرکان.
ب. مادده سەرخۆشکەرەکان 3. کحوول 4. تەماکۆ لە لایەنی تەندروستی‌و کاریگەری لە سەر مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەیدا هەندێ هەنگاوی هاویشتووە.

2- ئەفیون لە وشەی یونانی ئەپیون (Apiyin)ەوە وەرگیراوە بەو کەسەی کە خووی بە خواردن یان کێشانی تلیاکەوە گرتبێ، دەڵێن ئەفیونی.

3- لە هەر 10 کیلۆگرام تلیاك، یەك کیلۆ مۆرفین و لە هەردوو کیلۆگرام مۆرفین کیلۆیەك هیرۆیین بە دەست دەهێنرێ. بۆ دروستکردنی یەك کیلۆگرام هیرۆیین پێویستە بیست کیلۆ تلیاك بەکاربهێنرێ.

4- لە بەرهەمەکانی دیکەی تلیاك دەکرێ ناوی متادۆن، دیۆنین، تارکۆنین، پاپاورینی ڤالیوم، نارسین، تبایین و ئاترۆپین و بیست جۆری دیکە بهێنین کە تێکڕا بۆ بواری چارەسەرکردن‌و پزیشکی‌و وزەبەخشین بەکاردەهێنرێن‌و بەکارهێنانی بەردەوامیان مرۆڤ گیرۆدە دەکا.

دەمارەکانی لەش‌و بە سەر سێ بەشی ماددەی سەرخۆشکەر (نەشەکەر-هالوسنیوژیەکان)، مادده هاندەر و بەهێزکەرەکان (ئافتامینەکان)و مادده هێورکەرو سڕکەرەکان (باربیتورتییەکان‌و بزۆدیازپینەکان)دا دابەش دەبن[1].

ڕەوتی مێژوویی مادده هۆشبەرەکان

لە کۆنەوە تلیاك بۆ هێورکردنەوەی ئازارو دەرمانکردن بەکارهێنراوەو هۆیەك بووە بۆ چێژوەرگرتن و دەرچوون لە خەم‌و پەژارە[2].

نزیکەی 600 ساڵ بەر لەدایك بوونی مەسیح، بیرمەندە یۆنانییەکان باسیان لە کاریگەری پزیشکی تلیاك کردووە و گوڵی خەشخاشیان بە یەکێك لە گوڵە جوانەکان ناوبردووە[3]. محەممەد زەکەریای رازی، زاناو پزیشکی ئێرانی سەدەی سێیەم و چوارەمیش تلیاك و خەشخاش و شادانەی وەك دەرمان بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بەکارهێناوە[4]. یەکەمین نیشانەی کۆلۆنیالیزم لە چیندا بە بازرگانیکردنی تلیاك بە هۆی ئینگلیزییەکانەوە دەستیپێکرد. لە ئێرانیش کۆلۆنیالیزمی بەریتانیا بناغەدانەرو رەواجپێدەری مادده هۆشبەرەکان بووەو لەسەردەمی سەفەویدا، چاندنی خەشخاش و بەکارهێنانی تلیاکبڕەوی پەیداکردووە. لە سەدەی رابردوودا، مادده هۆشبەرەکان و پەرەسەندنی جۆرەکانی ئەو ماددەیە، وەك کێشەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی بەم دواییانەش وەك قەیرانێك لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا خراوەتە بەرنامەی کارەوە. لە سەردەمی کۆلۆنیالیزمی نوێدا

1- بە پێی رێکەوتننامەی مادده هۆشبەرکان 111 ماددەی سەرخۆشکەر لە ژێر کونترۆڵی رێکەوتننامەی 1971دا پەسند کراون.

2- سوقرات، حەکیمی گەورەی یۆنانی تلیاکی بۆ چارەسەرکردنی سکچوون بەکارهێناوە.

3- ئیبراهیم واحید، گیرۆدەبوون بەمادده هۆشبەرەکان، پەخشی سوبحان، 1998

4- سەید مەحموودی تەبابەتایی، ئەلحاوی (وەرگێران) پەخشی پایا، 1990

بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکانەوە بەئامانجی بەردەوامبوونی فەرمانڕەوایی بە سەر وڵاتە داگیرکراوەکاندا، رەنگ و بۆیەکی دیکەی بەخۆوە گرتووەو بە مەبەستی لە خشتەبردن‌و فرت‌وفێڵی دەرمانی‌و پلانی ئابووری کەڵکی لە ئامرازە دژە کەلتوورییەکان وەرگرت و پانتایی ئەم پیلانانە هێرشی سەربازیشی گرتۆتەوە[1]. لە چەند دەیەی رابردوودا دەوڵەتە زلهێزەکان دەوریان هەبووە لە پەرەپێدانی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا و لە ئاستی نێونەتەوەییدا بواریان بۆ قاچاخ‌و ترانزیتی ئەو ماددانە فەراهەم کردووەو ئەم دیاردەیان کردووە بە پەتایەکی جیهانی و کێشەیەکی نەتەوەیی لە ئاستی وڵاتانداو شەڕی شاراوەی تلیاك، هەڕەشەیەکە بۆ سەر مرۆڤ.

ڕەوشی گشتی بەرهەمهێنان و مەسرەفکردنی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا

لە ساڵی 1985 بە دواوە چاندنی نایاسایی کۆکاو خەشخاش رووی لە زیادبوون کردووەو تا ساڵی 1996 پانتایی ئەو زەویانەی کە ئەم ماددانەیان تێدا چێنراوە، لە ئاستی جیهاندا گەیشتۆتە 280 هەزار دۆنم[2]. بە پێی ئامارو راپۆرتە بڵاوکراوەکان تەنیا لە دوو وڵاتی ئەفغانستان‌و بێرمەدا 34 لە سەدی خەشخاش بە شێوەی نایاسایی بەرهەم دەهێنرێ[3]و نزیکەی 90٪ی تلیاکی خۆراکی لە ئاستی جیهاندا لە دوو ناوچەی ناسراو بە کەوانەی

1- یەکەم شەڕی تلیاك لە ساڵی 1838و دووەم شەڕیش لە ساڵی 1856دا لە نێوان دەوڵەتی کۆلونیالی بریتانیاو چیندا تۆمار کراوە.

2- لە 10 پارێزگا لە 29 پارێزگای ئەفغانستاندا خەشخاش بەرهەم دەهێنرێ.

3- هەر لەم ساڵە (1996)دا پانتایی ئەو زەویانەی کە بە شێوەی یاسایی خەشخاشیان تێدا بەرهەمهێنراوە، بە 106.000 مەزندە کراوەو بە سەرنجدان بە بەربڵاوی زەوییە کێڵدراوەکان لە ساڵی 1995دا بەرهەمهێنانی یاسایی ماددەهۆشبەرەکان لە جیهاندا گەیشتۆتە 2230 تەن تلیاك و زیاتر لە 250تەن مۆرفین.

زێڕین‌و سێ گۆشەی زێڕیندا بەرهەم دەهێنرێ[1]. لە وڵاتی پێرو، بولیڤی‌و کۆلۆمبیادا، زۆرترین بنچکی کۆکا دەچێنرێ‌و بە شێوەیەکی گشتی 98٪ کۆکای جیهان لەم سێ وڵاتەدا بەرهەم دەهێنرێ. بەرهەمهێنانی تلیاك لە ناوچەکانی سێ گۆشەو کەوانەی زێڕین لە ساڵی 1990دا بەرز بۆتەوە[2]. لە وڵاتانی دیکەی جیهاندا بۆ وێنە ئوسترالیا، فەرەنسا، هیند، تورکیا...هتد، هەروەها پانتایی زەوییە کێڵدراوەکان‌و بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی 1990 بە دواوە زیادی کردووە[3].

بە پێی ئاماری UNDCP [4] رادەی بەکارهێنانی نایاساییانەی مادده هۆشبەرەکانیش زیادی کردووە. ئەم رادەیە لە چاو حەشیمەتی جیهاندا 3.3٪ تا 1.4٪ (رادەی پەرە گرتن)و 2.5٪ حەشیمەتی جیهان کانابیس دەکێشن کە نزیکەی 140 ملیۆن لە حەشیمەتی جیهان لە خۆ دەگرێ.

هەروەها نزیکەی 8 ملیۆن کەس لە جیهاندا هیرۆیین‌و نزیکەی 13 ملیۆن کەس کۆکایین دەکێشن‌و وڵاتانی ئەمریکای باکوور، ئەوروپا، ئەمریکای باشوورو ئەفریقا یەك لە دوای یەك زۆرترین رێژەی خراپ بەکارهێنانی

1- لە نێو قاچاخچییە نێو نەتەوەییەکان‌و لە قامووسی مادده هۆشبەرەکاندا وڵاتانی بێرمە، لائۆس، تایلەن‌و چین کەتوونەتە نێو سێ گۆشەی زێڕین‌و وڵاتانی ئەفغانستان، پاکستان، لوبنان‌و تورکیا کەوتوونەتە نێو کەوانەی زێڕینەوە.

2 لە ئەفغانستاندا بەرهەمهێنانی تلیاك لە ساڵی 1990دا 415 تەن بووەو لە ساڵی 1999دا گەیشتۆتە 4565 تەن‌و پانتایی ئەو زەوییانەی کە خەشخاشیان تێدا چێنراوە لە 12375 دۆنمەوە گەیشتۆتە 90583 دۆنم. لە وڵاتی میانمار (بێرمە)شدا بەرهەمهێنانی تلیاك لە 2255 تەن لە ساڵی 1990دا گەیشتۆتە 2575 تەن لە ساڵی 1994دا.

3- بە پێی راپۆرتی UNDCP زەوییە بە خەشخاش چێنراوەکان لە جیهاندا لە ساڵی 1999 لە 219000 دۆنم زیاتر بووە.

4- بەرنامەی نێو نەتەوەیی کونترۆلکردنی مادده هۆشبەرەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

کۆکایین لە خۆ دەگرن[1]. بەرهەمهێنان‌و خراپ بەکارهێنانی مادده سەرخۆشکەرەکان لە کۆتاییەکانی دەیەی 80 لە جیهاندا زیادی کردووەو نزیکەی 30 ملیۆن کەس گیرۆدەی ئەم ماددەیە بوون. بە پێی راپۆرتی کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1998دا ژمارەی گیرۆدەبووەکانی جیهان گەیشتۆتە 445,6 ملیۆن کەس، کە لەم ژمارەیە 3.318 ملیۆن کەس بە مادده هۆشبەرەکان گیرۆدەبوون و، ئەم ژمارەیە 3,78٪ی ئەم دانیشتوان لە خۆ دەگرێ و 92, 3٪ لە دانیشتوانی جیهانیش خوویان بە ماددەی هێورکەر و سڕکەرەوە گرتووە[2]. لێکۆڵینەوەکان و ئامارە فەرمییە بڵاوکراوەکان باس لەوە دەکەن کە زیاتر لە 94٪ی تەواوی مادده هۆشبەرەکان لە ئاسیاو لە دوو ناوچەی ناسراو بە سێگۆشەی (زێڕین‌و کەوانەی زێڕین)دا بەرهەم دەهێنرێن‌و بە هۆی تۆڕە مافیاییی‌و قاچاخچییە نێونەتەوەییەکانەوە دەخرێنە بازاڕەکانی جیهانەوەو هەندێ لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست‌و ئەمریکای باشووریش دەچنە ریزی گەورە بەرهەمهێنەرانی مادده هۆشبەرەکانەوە، وڵاتانی پیشەسازی ئەوروپایی، بازاڕی گەورەی کڕین‌و فرۆشتنی نایاسایی مادده هۆشبەرەکان‌و ئەم ماددانە بە قاچاخ لە وڵاتانی هەژارو بەرهەمهێنەرەوە دەنێردرێن بۆ ئەم وڵاتانە.

ئەو زانیارانەی لە وڵاتە ئەوروپاییەکانەوە بە دەست هاتوون نیشان دەدەن کە خووگرتنی لاوەکان بەم ماددەیە روو لە زیاد بوونەو رەوشی گیرۆدەبوون لەم وڵاتانەدا جێی نیگەرانییە، چونکە ((مادده هۆشبەرەکان ژیانی مرۆڤ و

1- راپۆرتی جیهانی مادده هۆشبەرکان‌و گیرۆدەیی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی 1997دا

2- باربیتۆرو بنزۆدیازیپینەکان ماددەی هێورکەرەوەو سڕکەرن کە بەکارهێنانی بەردەوامیان دەبێتە هۆی گیرۆدەبوون‌و هەندێکیان کەتوونەتە ژێر کۆنترۆڵی رێکەوتننامەی نێونەتەوەیی 1961و 1971.

کۆمەڵگەکان دەفەوتێنێو زیان بە رەوتی بەردەوامی پەرەسەندنی مرۆیی دەگەیەنێ، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی تاوان. زیان بە گرنگترین سەروەتو سەرمایەی جیهانی، واتە ئازادیو گەشەکردنی لاوان دەگەیەنێ، بە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر لەشساغیو ئاسوودەیی ئینسانەکان، سەربەخۆیی وڵاتانو دیموکراسیو سەقامگیری وڵاتان لە قەڵەم دەدرێ))[1] .

دۆزینەوەی مادده هۆشبەرەکان لە ئاستی نێو نەتەوەییدا

بە چاو خشاندنێك بە سەر ئاماری مادده دۆزراوەکان لە ئاستی نێو نەتەوەییدا دەکرێ بەو ئاکامە بکەین کە سەرجەمی ئەم دۆزینەوانە کەمترە لەو رادە تلیاکەی کە لە کۆماری ئیسلامیدا گیراوە. هەروەها زۆرترین تلیاکی دۆزراوە لە ئاسیاشدا لە ئێراندا بووە. لە ماوەی ساڵەکانی 1978 تا 1994دا دۆزینەوەی هیرۆیین زیادی کردووە. رادەی دۆزینەوەی ئەم ماددەیە لە ئەمریکاو کەنەداو دوازدە وڵاتی ئەوروپاییدا لە 2509 کیلۆگرام لە ساڵی 1987دا گەیشتۆتە 6069 کیلۆ گرام لە ساڵی 1993داو هەر لەم ساڵەدا ئاماری دۆزینەوە بڵاوکراوەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا (مادده هۆشبەرەکان بە هەموو جۆرەکانییەوە) زیاتر لە 163 تەن بووە کە نزیکەی 25 تەنی هیرۆیین و مۆرفین بووە[2]. لە ماوەی ساڵانی 1990 تا 1996دا زیاتر 70%ی تلیاکی دۆزراوەو 90%ی مورفینی دۆزراوە هەروەك جاران لە ئێراندا بووە[3].

1- گوڵبژێری راگەیەندراوی سیاسی دوازدەهەمین کۆنفرانسی وەزیرەکانی کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێوەندی لەگەڵ خەبات لە دژی ماددەهۆشبەرەکان، ساڵی 1998.

2- UNDCP و بەرنامەی کونترۆڵی مادده هۆشەبەرەکانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتی خۆیدا بۆ کۆنفرانسی نیۆرك لە ساڵی 1998دا ماددەی هۆشبەر بە قاچاخ بەرهەمهێنراوی لە ساڵی 1997دا بە 500 تەن خەملاندووە.

3- راپۆرتی راوێژکارە یاساییەکانی UNDCP لە کۆبوونەوەی رەهەندە نێونەتەوەییەکانی قاچاخکردنی مادده هۆشبەرەکاندا.

سکرتارییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە راپۆرتی ساڵی 1995ی خۆیدا رایگەیاند، سەرجەمی دۆزینەوەکانی تلیاك لە جیهاندا کەمتر لە دۆزینەوەکانی ئێران بووە.

سەرباری پێشکەوتنی وڵاتە ئەوروپییەکان لە تەکنەلۆژیای زانیاریو ئەلەکترۆنیو پۆلیسیدا، ئاماری دۆزینەوەکان لە کۆماری ئیسلامی ئێراندا بەرچاو بووەو ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم وڵاتانە لە خەبات دژی قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان جددی نەبوون.

ڕەوشی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا

کورتە مێژووی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا

لە مێژووو ئەدەبیاتی ئێراندا، تاکوو ئێستا سەرەتایەکی تەواو بۆ کێشانو ڕەواج پەیداکردنی مادده هۆشبەرەکان بەدەست نەهاتووە، بەڵام هەندێ نووسراوە هێرشی عەرەبەکان بۆ ئێرانیان بە بنەمایەك بۆ ڕەواجدانی ئەفیون لە ئێراندا زانیوە[1]. هەروەها دەڵێن کە دوو وشەی ئەفیونو تلیاك لە زمانی یۆنانییەوە هاتوونەتە نێو زمانی عەرەبیو فارسی. لە کتێبی ئاڤێستا (ئێرانی کۆن)دا گیای کانابیس (شادانە) وەك ماددەیەکی سڕکەر ناوبراوە، بەڵام لە ئێرانی کۆندا گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان نەبوون[2]. ئەبوو ڕەیحانی بیروونی زانای هاوچەرخی ئیبن سینا لە بەرهەمەکانی خۆیدا ئاماژەی بە کێشانی ئەفیوونو تایبەتمەندییەکانی کردووەو محەمەد کوڕی زەکەریای ڕازی و ئیبن سینا تایبەتمەندییە دەرمانییەکانی تلیاکیان ناسیوەو وەك دەرمان بۆ چارەسەری نەخۆشەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە[3]. هەندێ لە شاعیرەکانیش لە شیعرەکانی خۆیاندا ئاماژەیان بە ئەفیوون، کەنار، بەنگ و تایبەتمەندییەکانی کردووە[4]. لە سەردەمی سەفەویدا کێشانی مادده هۆشبەرەکان زیادی کردووە لە ماوەی 22 ساڵ فەرمانڕەوایی شاکانی سەفەویدا، کێشانی تلیاك، حەشیش و خواردنەوەی شەراب لە ئێراندا بە

1- ئەمیر هۆشەنگی مێهریار، ڕابردووی مێژوو بە بەرهەمهێنانو خراپ بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا، کاری توێژینەوەیی لە دامەزراوەی بەرزی توێژینەوە لە بەرنامەڕێژیو پەرەسەندن، 1997.

2- تاج زەمان دانش، کێ تاوانبارە، چاپەمەنی ئەمیرکەبیر، ل 286، 1990.

3- جەمیلە ئۆرەنگ، توێژینەوە دەربارەی گیرۆدەبوون، ڕێکخراوی چاپو بڵاوکردنەوە، 1988.

4- هەندێ لەو شاعیرانەی کە لە بەرهەمەکانی خۆیاندا واژەو تایبەتمەندییەکانی مادده هۆشبەرەکانیان بەکارهێناوە، بریتین لە خاقانی، نزامی، سەناییو حافز.

شێوەیەك پەرەی گرتووە کە بەرهەمی ناوخۆیی، نەیتوانیوە پێویستی داخوازیکارەکان دابین بکاو بۆ یەکەمین جار شا تەهماسبی سەفەوی وێڕای وازهێنان لەو ماددەیە، دەستی کردووە بە خەبات دژی کێشانی مادده هۆشبەرەکان. سەرباری توندبوونی خەبات دژی گیرۆدەبوون (ئیدمان) لەم سەردەمەدا، مادده هۆشبەرەکان پەرەیان سەندووە. زۆربەی دەوڵەتەکان گیرۆدەی مادده هۆشبەرەکان بوون و لە چایخانەکاندا کەوتوون و ڕەوشەکە بە چەشنێك بووە کە ئێرانییەکان هەرکات ویستوویانە سەرخۆش بن، تلیاکیان کێشاوە[1].

هاوکات لەگەڵ پاشایەتی نەسرەدین شای قاجاردا و لەگەڵ هاتنی بەریتانییەکان بۆ ئێران، تلیاککێشان بوو بە ڕەسمیو وێنەی پاشا لە سەر کەلەی بافوورەکەدا دەنەخشێنرا، بە چەشنێك کە لە ساڵی 1935دا ژمارەی گیرۆدەبوونەکان گەیشتۆتە یەك ملیۆن و پێنج سەد کەس، واتە 7٪ی تەواوی حەشیمەتی وڵات. لەم سەردەمەدا، ئابووری ئێران بەستراوەتەوە بە تلیاکەوەو دوای نەوت، تلیاك گرنگترین کاڵای هەناردەی ئێران بووە[2].

بە پێکهێنانی حکومەتی پەهلەوی، سەرباری دانانی دەستوورو دامەزراندنی ڕێکخراوی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان، حەشیمەتی گیرۆدەبوونی وڵات زیادی کرد و لە ساڵی 1978دا زەوی کێڵدراو گەیشتە 33 هەزار دۆنم.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامیش، سەرباری ئەوەی کە ساڵانە زیاتر لە 700 ملیارد تمەن خەرجی خەبات دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان دەکرێ

1- موحسێنی جاویدان، پزیشکی لە سەردەمی سەفەویەدا، چاپەمەنی زانکۆی تاران 1978.

2- نێوندی هەناردەی تلیاکی ئێران لە ساڵەکانی 1922 تا 1943 لە ساڵێکدا نزیکەی 3/7 ملیۆن تمەن بووە و لە ساڵی 1947 دا هەناردەی تلیاکی ئێران گەیشتووەتە 154 تەن.

و زیاتر لە چوار هەزار ملیارد ریال سەرمایەی دەزگاکانی جێبەجێکردنی وڵاتیش خەرجی خەبات دژی ئەم دیاردەیەکراوە، هێزو توانای قاچاخچییەکانو ژمارەی گیرۆدەبوونەکان روو لە زیاد بوونەو مخابن هێشتا سەرکەوتنی تەواو بە دەست نەهاتووە. لە ئێراندا تەمەنی گیرۆدەبوون گەیشتۆتە 28 ساڵ، 64٪ی حەشیمەتی گیرۆدەبوونی وڵات لە خوار35 ساڵو 11٪ی ئەو رێژەیە لە سەرووی 18 ساڵداو هەر ساڵێك نزیكەی 200 تەن ماددەی هۆشبەر لە ئێراندا بەكار دەبرێ[1].

ڕەوتی یاسادانان و خەبات لە دژی مادده هۆشبەرەکان

أ- بەر لە شۆڕشی ئیسلامی

بەر لە شۆڕشی ئیسلامی و (لە ساڵی 1910 تا 1978) خەبات دژی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان بە ماوەی 68 ساڵ هیچ ستراتیژییەکی روونو سیاسەتێکی درێژ خایەنی نەبوو هەموو هەنگاو و بەرنامەکان لە ژێر کارتێکەری تێڕوانینو سیاسەتی دەوڵەتەکانی سەردەمدا بووە و پەسندکرانی 52 یاسا و بڕیارنامەو پێڕەوی ناوخۆیی بە درێژایی ئەم ساڵانە بە گشتی لە ژێر کارتێکەری فشارە نێو نەتەوەییەکان و بارودۆخی ناوخۆییدا ئەنجام دراوە. دوای کۆنفرانسی شانگهای لە ساڵی 1910ی زاینیدا، یەکەمین یاسا نووسراوە بە ناوی یاسای سنووردارکردنی تلیاك لە لایەن مەجلیسی شورای نیشتمانییەوە پەسەند کرا[2]. لەم یاسایەدا هیچ چەشنە سنوورداریيەك بۆ

1- حشامەتی- محەممەد جەواد- جێگری بنکەی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان- رۆژنامەی ((انتخاب)) 78/4/23.

2- کۆنفرانسی شانگهای لە ساڵی 1909 بە بەشداری 13 وڵات و یەك لەوان ئێران لە بەندەری شانگهای چیندا بەستراو دوای 25 ڕۆژ بە پەسندکردنی بڕیارنامەیەکی 8 ماددەیی کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

چاندنو بەرهەمهێنانی تلیاك پێشبینی نەکراوەو بۆ هەر مسقاڵ تلیاك 300 دینار باج دیاری کراوە.

بە دەستپێکردنی قاچاخی کۆکایینو مۆرفین، لە ساڵی 1922 دا یاسای رێگرتن لە هێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا دانراو لە ژێر فشارە نێونەتەوەیەکان و مەحکومکرانی ئێران لە کۆمەڵی نێو نەتەوەییدا[1]، لە پووشپەڕی 1928 دا یاسای پاوانکردنی تلیاك لە 16 ماددەدا پەسەندکراو چاندنی خەشخاش کەوتە ژێر چاودێری دەوڵەتو دامەزراوەیەك بە ناوی ((پاوانی دەوڵەتی)) دامەزرا[2]. سەرباری ئەو کارانەی لەم بوارەدا کراون، هەناردەی تلیاك رووی لە زیادبوون کردوەو رادەکەی لە 291539 کیلۆگرام لە ساڵی 1929 دا گەیشتۆتە 448362 کیلۆ گرام لە ساڵی 1928دا. لە ساڵی 1933دا یاسای سزادانی قاچاخچییەکانی مادده هۆشبەرەکان پەسەند کراو لە ساڵی 1938 دا بڕیارنامەی قەدەغەکردنی چاندنی خەشخاش لە 32 ناوچەی ئێراندا جێبەجێکرا. دەوڵەتی ئێران لە ژێر فشاری نێونەتەوەیی و دژکردەوەی نێو نەتەوەییدا بە شێوەی فەرمی لە ساڵی 1945دا گەڵاڵەی پەیوەستبوونی بێ شەرت و مەرجی ئێرانی بە رێکەوتنامەی نێونەتەوەیی تلیاك بردە پەرلەمانو بە پەسەندکردنی، یاسای قەدەغەکردنی چاندنی خەشخاش و خەبات لە دژی قاچاخو چارەسەرکردنی گیرۆدەبوونەکانی ئیمزا

1- لە راپۆرتی لیژنەی لێکۆڵینەوەی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە ژنێڤدا، ئێران وەك هۆکاری گەندەڵیو گیرۆدەبوونو بەرپرسی دابینکردنی تلیاك بۆ گیرۆدەبوونەکانی ناوچەکانی دیکەی جیهان ناسراوە.

2- ئەم دامەزراوە بە چاودێری کەسێکی بەریتانی دامەزراو وێڕای ئیدارەکردنی پاوانی وردەفرۆشی تلیاك، بە دروشمی کاریگەری هێورکەرەوەو دەرمانی تلیاك هۆکارێکی گەورە بووە لە پەرەپێدانی تلیاكو شیرەکێشخانەکانی ئێراندا.

کرد. بە هاتنە سەرکاری دەوڵەتی عەبدولحسێنی هەژیر لە ساڵی 1947 دا ئەم یاسایە هەڵوەشێنرایەوەو چاندنی خەشخاش بە شێوەی یاسایی رێگەی پێدرا. سەر لە نوێ لە ساڵی 1953 دا یاسای قەدەغەکردنی بەرهەمهێنانو کڕینو فرۆشتنی مادده هۆشبەرەکانو خواردنەوە کحولییەکان لە لایەن پەرلەمانەوە پەسەند کرا. لە بەفرانباری 1955 دا یاسای قەدەغەکردنی چاندنی خەشخاشو تلیاك کێشانیش پەسەند کرا کە لە ماددەی 13ی پەیرەویی ناوخۆیدا، پێکهێنانی رێکخراوی خەبات دژی تلیاك خرایە بەرنامەوە. هەر لەم ساڵەدا، بەرهەمهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا بە 900 تەن راگەیەنراوە کە لەم رادەیە 100 تەنی نێردراوەتە دەرەوەی وڵات و 800 تەنیشی لە ناوخۆدا مەسرەف کراوە[1]. بە پەسەند کردنی ئەم یاسایە بۆ ماوەی 13 ساڵ چالاکی بەربڵاو دژی بەرهەمهێنان، قاچاخ و کێشانی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا ئەنجام دراوە، سەرباری سەرکەوتنە رواڵەتییەکانو پێداهەڵگوتنی زێدەرۆییانەی رێکخراوە نەتەوەییەکان، لە وەرچەرخانێکی خێرا لە ساڵی 1968دا، یاسای رێگەپێدان بە چاندنی خەشخاشو ناردنە دەرەوەی تلیاك لە لایەن مەجلیسی شورای نیشتمانییەوە پەسەندکراو هەموو ساڵێك لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە ، بەشێك لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ چاندنی خەشخاش تەرخان کرا. لەم ساڵانەدا کۆشکی پاشایەتی (پەهلەوی) قاچاخکردنی مادده هۆشبەرەکانی کردە پاوانی خۆی، گیرۆدەبوون دەرەنجامە خراپەکانی پەرەیان سەندو ئەم رەوشە تا سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی درێژەی کێشا.

1- د. ساڵح، وەزیری تەندروستی ئەو کات، لە وتەیەکدا لە پەرلەمانی شورای نیشتمانی لە ساڵی 1955دا، ئاماری گیرۆدەبوونەکانی بە 1.500.000 کەس راگەیاند.

ب- دوای شۆرشی ئیسلامی

سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی ئێران لە رێبەندانی 1978داو دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، بە خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی خەبات دژی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە ئێرانو جیهاندا لە قەڵەم دەدرێ. سەرباری پێویستی پێکهێنانی گۆڕانو وەرچەرخان لە بەشە گرنگەکانی وڵاتدا لە رووی سیاسی، ئابووری، کەلتووریو کۆمەڵایەتییەوەو هێرشی رژێمی عێراق لە خەرمانانی 1980دا، سەپاندنی شەڕی هەمەلایەنەی 8 ساڵە، مەسەلەی مادده هۆشبەرەکان هەر لە ئەولەویەتدا مایەوەو یاساو رێساکان و ستراکتوری رێکخراوی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان پێداچوونەوەی بەسەردا کرا.

لە رێکەوتی (3/19/ 1980) یاسای قورسکردنی سزای بەکارهێنەرانی مادده هۆشبەرەکان و هەنگاوەکانی دابینکردن، دەرمانکردن، پەیداکردنی کار بۆ گیرۆدەبوونەکان، لە لایەن ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامییەوە پەسەند کراو بە کردەوە فرۆشتنی تلیاك بە گیرۆدەبوونەکان لە لایەن دەوڵەتەوە کۆتایی پێهێنراو چاندنی خەشخاش قەدەغەکراو کێشانی مادده هۆشبەرەکان بە تاوان دانرا[1].

لە ساڵی 1365 (1986) بەدواوە بەرپرسیارێتی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان کەوتە ئەستۆی کۆمیتەی شۆرشی ئیسلامی و ئەم دەزگایە، زنجیرە کردەو ئۆپراسیۆنو پلانێکی بۆ خەبات دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان و ترانزیتی ئەو ماددانە لە رێگای ئێرانەوە خستە بەرنامەی

1- بە پێی بڕیارنامەی فرۆشتنی تلیاك بە گیرۆدەبوونەکان، رێکخراوی مامەڵەکردنی تلیاکی سەر بە وەزارەتی کشتوکاڵ رێگەی پێدرا کە هەر گەرەم تلیاکێکبە نرخی 300 ریاڵ بەو کەسانە بفرۆشێ کە خاوەن کارتی رەسمینو بە پێی ئاماری بڵاوکراوە نزیکەی 170هەزار کەسی گیرۆدەبوون لە لایەن وەزارەتی تەندروستییەوە کارتی رەسمییان وەرگرتووە.

کاری خۆیەوەو بە گشتی بە سەرنجدان بە هەلومەرجی پاش شۆڕشی ئیسلامی، شەڕی سەپێنراو و لێبڕاوەییو خێرایی دادگاکانو کردەوەی چەکدارانەی کۆمیتەی شۆڕشی ئیسلامی، ئەو هەوڵانەی لەم قۆناغەدا ئەنجام دراون، تا رادەیەك پێشگیرانەو کاریگەر بووە.

رۆژی سێهەمی سەرماوەزی 1367 (1988) کۆڕی دیاری کردنی بەرژەوەندی نیزام، یاسای خەبات دژی مادده هۆشبەرەکانی پەسەند کرد[1]و بە پێی ماددەی 33ی ئەم یاسایە، ناوەندی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان بە سەرۆکایەتی سەرۆك وەزیران بە ئەندامێتی هەشت وەزارەتو رێکخراو دامەزرا[2]و خەبات دژی مادده هۆشەرەکان پێی نایە قۆناغێکی دیکەوە. زەبرو زەنگ نواندن و سزادانی قورس(ئیعدام) و زیندانی درێژخایەن بەشێکن لە تایبەتمەندییەکانی ئەم یاسایە.

ڕەوشی گیرۆدەبوون لە وڵات

بەپێی هەڵسەنگاندنێکی گشتی لە ساڵی 1910دا، پشتیوانی نهێنی دەوڵەتانی پێش لە شۆڕشی ئیسلامیو بریکارانی حکومەت، تاڵانکردنی

1- ئەم یاسایە 35ماددەو 12 تیبێینی لە خۆگرتووە و رەهەندە جۆراوجۆرەکانی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان، بۆ وێنە هاوئاهەنگی لەگەڵ دەزگاکانی دیکە، هەنگاوی پێشگیریکەرانە، هاوهەنگاوی لەگەڵ پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا لە دارشتنی ئەم یاسایەدا رەچاو کراون.

2- سەرۆکایەتی بنکەی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان کە دوای پێداچوونەوەو پەسندکرانی یاسای دەستلێدراوی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی 1989دا درا بە سەرۆك کۆمارو وەزارەتی پەروەردەو فێرکردنیش بوو بە ئەندامی بنکە. ئەندامان بریتین لە: وەزیری ئیتلاعات، وەزیری ناوخۆ، وەزیری تەندروستی، وەزیری پەروەردەو فێرکردن، فەرماندەری ئاسایشی ناوخۆ، سەرۆکی رادیۆو تەلەفزیۆن و سەرۆکی بەندیخانەکان و... .

سەرچاوە نەوتییەکان بە هۆی کۆمپانیا بیانییەکانەوە، پێویستی زۆری ئابووری ئێران، یاسایی بوونی هەناردنی مادده هۆشبەرەکان، دەکرێ گوێنەدان بە لایەنە کەلتووریو کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دیاردەیەو رۆڵی خەڵك و هاوبەشی کۆشکی پاشایەتی لەگەڵ تۆڕەکانی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان[1] بە بەشێك لە هۆکارەکانی پەرەسەندنی دیاردەی مادده هۆشبەرەکانو گیرۆدەبوون لە وڵاتدا ناو ببەین کە هەنگاوی یاساییو (قەهری) نەیتوانیوە لەو پەیوەندییەدا کاریگەر بێ[2]. ئەگەرچی ئامارو زانیارییەکی وردو تەواو و وێنەیەکی کامڵمان لە بارودۆخی گیرۆدەبوون لە بەردەستدا نییە، بەڵام دەتوانین بارودۆخی گیرۆدەبوونو رەوشی خەڵکی گیرۆدەبوو بخەملێنین، بە پێی ئەو ئامارانەی کە لە ساڵی 1943دا بڵاوکراونەتەوە، ژمارەی گیرۆدەبووەکانی وڵات ملیۆنێك و 500 هەزار کەس راگەیەنراوە کە 10%ی ژنو تەمەنی گیرۆدەبوونەکانیش لە نێوان 15 تا 60 ساڵدایە. لەم ساڵەدا 1300 شیرەکێشخانە لە ئێراندا کراوە بوونو لە ساڵێکدا نزیکەی 5000 کەس بە هۆی تلیاکەوە خۆیان کوشتووە. لە ساڵی 1965دا دوکتۆر سالح وەزیری ئەو کاتی تەندروستی، لە وتارێکدا لە مەجلیسی شوورای میللیدا، ئاماری گیرۆدەبووەکان بە تلیاکی ملیۆنێك و 500 هەزار کەس داناو ئەنجومەنی ناحکومی خەبات دژی تلیاكو کحولیش لە راپۆرتێکدا رایگەیاند کە حەشیمەتی گیرۆدەبوون لە ساڵی 1980دا لەنێوان یەك ملیۆنو 700 هەزار تا 3ملیۆن کەس دایە. لە راگەیەندراوێکی

1- بۆ زانیاری زیاتر دەربارەی رۆڵی دەرباری پەهلەوی لە مەسەلەی ماددەهۆشبەرەکاندا چاو لە کتێبی ((لە سیرەوە تاکو پیاز)) بکەن کە لە لایەن ئیبراهیم باستانی نووسراوەو هەروەها کتێبی ((ماددەهۆشبەرەکان و ئاسایشی کۆمەڵایەتی)) نووسینی حسێن شەهیدی.

2- لە ساڵی 1941دا دەوڵەتی ئەو کات یاسایەکی راگەیاند کە بەو پێییە گیرۆدەبووەکان فایلیان بۆ دروست بکرێو بە پێی پێویستییان تلیاکیان دابین بکرێ و ئەم دۆخە تا سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی درێژەی کێشا.

دیکەی ئەم ئەنجومەنەدا کە ساڵی 1994 لە رۆژنامەی (اگلاعات)ی ژمارە 5863 دا بڵاوکرایەوە، ژمارەی گیرۆدەبووەکان لە سەرووی یەك ملیۆن‌و 500 هەزار کەس راگەیەنراوە. هەروها رۆژنامەی (اطلاعات) لە ساڵی 1970و لە ژمارە 13386ی خۆیدا ژمارەی گیرۆدەبوونەکانی لە نێوان ساڵەکانی 1967 تا 1970 بە زیاتر لە دوومليۆن کەس راگەیاندووەو بە پێی وتەی پۆلیسی نێو نەتەوەیی هەر لەم ساڵانەدا (1967) رێکخراوی خەبات لە دژی مادده هۆشبەرەکانی ئێران لە نێوان رێکخراوە چاودێرەکانی دونیا لە رووی دۆزینەوەی مادده هۆشبەرەکانەوە پلەی یەکەمی بەدەست هێناوە.

بنکەی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان لە راپۆرتی ساڵی 1998ی خۆیدا، لانیکەمی گیرۆدەبوونەکانی وڵاتی بە ملیۆنێك و 500 هەزار کەس و لانی زۆرەکەشی بە چوار ملیۆن و دووسەد هەزار کەس مەزەندە کردووە کە بەم پێیە، نێوندی کۆمەڵگەی گیرۆدەبوونی وڵات دوو ملیۆن و 574 هەزار کەس بووەو تلیاك بە7.67٪ هیرۆیین بە 2.12٪ حەشیش بە 3.7٪ و کێشانی ئەم ماددانەش 8.12٪ ەوە بەرزترین ئاماری مەسرەفکردنی جۆرەکانی مادده هۆشبەرەکان لە ئێراندا بووە. چوونە سەری قەبارەی ماددەی هۆشبەری ترانزیتکراو، پەرەسەندنی تۆڕەکانی قاچاخ‌و زیادبوونی ماددەی هۆشبەری چێنراو لە ئەفغانستاندا ، بوونەتە هۆی ئەوەی کە لە ناوخۆی ئێراندا داخوازی و مەسرەفی ئەو ماددانە بچێتە سەرو هەر بەو رادەیەش کە دەستبەسەرداگرتنی مادده هۆشبەرەکان لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامییەوە زیاتر ببێ، رێژەی گیرۆدەبوون و ئاماری گیرۆدەبووەکان لە ناوخۆی وڵاتیشدا روو لە زیادبوون بکا. بە چەشنێك کە مادده هۆشبەرەکان بە گەورەترین قەیرانی وڵات لە قەڵەم بدرێ و خزمەتی کۆماری ئیسلامی بە ئەوروپییەکان لە خزمەتکردن بە خەڵکی وڵاتەکەی

زیاتر بووە، ئەگەرچی لەم پێناوەدا زیاتر لە 2400 کەس گیانیان بەختکردووە و، ساڵانە زیاتر لە 700 ملیارد تمەن دەکرێتە خەرجی خەبات دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان و زیاتر لە چوار هەزار ملیارد قەران (ریال) لە سەرمایەی دەزگاکانی جێبەجێکردنی وڵاتیش لەم پێناوەدا خەرج دەکرێ. لە ساڵی 1979 تاکو ئێستا زیاتر لە 5000 کەس لە پەیوەندی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکاندا ئیعدام کراون. هێزو توانای قاچاخچییەکان و ژمارەی گیرۆدەبوونەکان زیادی کردووەو ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان بۆ دەرەوەی وڵات هەروا بەردەوامە.

ئەوەی مادده هۆشبەرەکانی کردووە بە قەیرانێکی گەورە، دەگەڕێتەوە بۆ هۆکارە جوگرافی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، سیاسی‌و کەلتورییەکانی ناوخۆو ناوچەکە، هاوسنووربوونی ئێران لەگەڵ ئەفغانستاندا کە 79٪ی تلیاکی جیهان دابین دەکا، هەڵکەوتنی ئێران لە سەر رێگای ترانزیتی نێونەتەوەیی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان، هەژاری و بێکاری و بوونی تایبەتمەندی دەرمانی لەو ماددەیەدا، هەوراز و نشێوەکانی خەبات لە دژی مادده هۆشبەرەکان، سەرباری زەبروزەنگ نواندنەکان، هەوڵی دەوڵەتەکان و سەرفکردنی توانای ماددی و مرۆیی، چ تاکەکەسی و چ کۆمەڵایەتی، نەتوانراوە سنوورێك بۆ مادده هۆشبەرەکان دابنرێ و گیرۆدەبوون و قاچاخی مادده هۆشبەرەکان بەردەوام وەك کێشەیەکی چارەهەڵنەگر و هەڕەشەیەکی نیشتمانی و قوڵکردنەوەی قەیران لە ناو نەوەی نوێدا ماوەتەوە. لە سەرجەمی 3 ملیۆن گیرۆدەبوو لە ئێراندا، 260 هەزار کەسیان قوتابی و خوێندکارن. ئەو ماددەهۆشبەرانەی کە لە ئێراندا دەستیان بە سەردا گیراوە لە 11076 کیلۆگرام لە ساڵی 1979دا گەیشتۆتە 188696 کیلۆگرام لە ساڵی 1998دا.

کۆنترۆلی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان

سیستمی کۆنترۆلی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ڕێکەوتننامەو پەیماننامەدا بەڕێوە دەچێ کە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە پەسەند کراوەو بەو پێیە دەوڵەتەکان ئامۆژگاری دەکرێن کە چاودێری بە سەر بەرهەمهێنان و دابەشکردنی مادده هۆشبەرەکانو دەرمانە نەشئەبەخشەکان بکەن، دژ بە گیرۆدەبوون و قاچاخی مادده هۆشبەرەکان خەبات بکەن و ڕێکخستن و ڕێکخراوی تایبەت بۆ ئەم کارە گرنگە دابمەزرێننو چالاکیەکانی خۆیان بە ئاگاداری نەتەوە یەکگرتووەکان بگەیەنن. نەتەوە یەکگرتوەکان بە مەبەستی یەکخستنی هەوڵە نێونەتەوەییەکان بۆ خەبات دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان، یارمەتیدان بۆ ڕێگرتن لە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە جیهانداو چاودێری و کۆنترۆڵکردنی چاندن، بەرهەمهێنان و دابەشکردنی مادده هۆشبەرەکان بە مەبەستی بەکارهێنانی وەك دەرمان لە وڵاتاندا، بەدواداچوونو چاودێری بەسەر جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەو پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، چەند ناوەندێکی پێکهێناوە.

دامەزراوە سەرەکییەکان

1- کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

دەزگایەکی یاسادانەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. بڕیارنامەکان، پەیماننامەکانو پرۆتۆکولەکان، بوودجە (میزانییە)و ئیمکاناتی پێویست بۆ خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان و کۆنترۆڵکردنی نێو نەتەوەیی ئەو ماددانە پەسند دەکاو رایدەگەیەنێ.

2- لیژنەی نێونەتەوەیی کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان (INCB)

دامەزراوەیەکە بۆ کۆنترۆڵکردن و چاودێری، نیوە قەزاییە و سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکانە کە بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ناوەرۆکی پەیماننامەکان و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان دامەزراوەو لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە چاودێری دەکرێ و 13 ئەندامی هەیە.

3- بەرنامەی کۆنترۆڵی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان (UNDCP)

ئەم ڕێکخراوە ئەرکی ڕێنوێنیکردن و کۆنترۆڵکردنی نێونەتەوەی مادده هۆشبەرەکانی لە ئەستۆیە، چاودێری ڕەوتی بەرهەمهێنان، مەسرەفکردن و قاچاخی مادده هۆشبەرەکان دەکا و بەدوای جێبەجێکردنی پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی لەمەڕ کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکاندا دەچێو بە ناوەندێکی جیهانی پسپۆری و زانیاری بۆ کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان لە قەڵەم دەدرێ. هەروەها ئەم ڕێکخراوە سەرەکییەی نەتەوە یەکگرتوەکان، بەرپرسیارێتی پێکهێنانی هاوکاریو هاوئاهەنگی لە نێوان وڵاتان و ڕێنوینی و ڕێبەریکردنی سەرجەمی چالاکییەکانی ڕێکخراوی نەتەوەکان لە بواری خەبات دژی مادده هۆشبەرەکانی لە سەرشانە

4- کۆمیسێۆنی مادده هۆشبەرەکان

یەکێك لە کۆمیتە لاوەکییەکانی شوورای ئابووری و کۆمەڵایەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە کە بەسەر چۆنێتی جێبەجێکردنی بڕیارنامە و پەیماننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری خەبات دژی مادده هۆشبەرەکاندا چاودێری دەکا و دیاری دەکا کە دەرمان یان ماددەیەکی کیمیایی تایبەت بخرێتە پێڕستی مادده کۆنترۆڵکراوەکانەوە، یان بخرێتە نێو پێڕستێکی دیکەوە یان بە تەواوی لە پێرستی هۆشبەرەکان وەلابنرێ.

5- **شووراى ئابوورى و کۆمەڵایەتى ڕێکخراوى نەتەوەیەکگرتووەکان**

ئەم شوورایە خاوەن 54 ئەندامەو یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانى دیاریکردنى سیاسەتەکانى ڕێکخراوى نەتەوە یەکگرتوەکان لە بوارى کۆنترۆڵکردنى بەکارهێنانى زیانبەخشى مادده هۆشبەرەکاندایە. هەروەها ئەم شوورایە چالاکییەکانى دژ بە مادده هۆشبەرەکان هاوئاهەنگ دەکات و ریزێك بەرنامەى کۆمەڵایەتى و ئابوورى و ئامۆژگارى پێویست بۆ دەوڵەتەکان ئامادە دەکات.

ڕێکخراوە لاوەکییەکان

جگە لە ڕێکخراوە سەرەکییەکانى چاودێرىو کۆنترۆڵکردنى نێونەتەوەیى مادده هۆشبەرەکان، باقى ڕێکخراوو دامەزراوە پاشکۆکانى نەتەوەیەکگرتووەکان هەر کام لە چوارچێوەى کارى خۆیاندا لە بوارى چاودێرى، هاوئاهەنگىو جێبەجێکردنى کۆنڤانسیۆن نێونەتەوەییەکانى مادده هۆشبەرەکاندا چالاکن. گرنگترین ئەم ڕێکخراوە لاوەکیانە بریتین لە:

1- **ڕێکخراوى تەندروستى جیهانى** (W.H.O)

ئەم ڕێکخراوە لە پێناو بەدیهێنانى ئامانجەکانى خۆى و ڕەواجدان بە تەندروستى جیهانى لە پێناو کەمکردنەوەى بەکارهێنانى زیانبارى مادده هۆشبەرەکاندا هەڵدەسوڕێ و بە پێى پەیماننامە نێونەتەوەییەکانى مادده هۆشبەرەکان دەتوانێ ماددەیەك بخاتە ریزى مادده هۆشبەرەکان، یان وەلاى بنێ.

2- **ڕێکخراوى پۆلیسى تاوانى نێونەتەوەیى (ئینتەرپۆل)**

ئەم ڕێکخراوە بە ئامانجى بەرزکردنەوەى ئاستى هاوکارییە ئەمنى و پۆلیسییەکان لە چوارچێوەى یاسا ناوخۆییەکاندا پێکهاتووەو یەکێك لە ئەرکەکانى، بردنە سەرى تواناى هێزە کاراکانى هەر وڵاتێك لە پێناو خەبات

دژى مادده هۆشبەرەکان و گۆڕینەوەى زانیارى دەربارەى کەسەکان، باندەکان و تۆڕە نێونەتەوەییەکانو ڕێگرتن لە ڕوودانى تاوانى نێونەتەوەییى لەسەر شانە.

3- **ڕێکخراوى گومرگى جیهانى** (W.C.O)

ئەم ڕێکخراوە نێونەتەوەیە لە پاڵ ئەرکەکانى دیکەیدا، لە بوارى بەربەرەکانیکردنى قاچاخچییەکانو ڕێگریکردن لە قاچاخیشدا چالاکەو تاکو ئێستا گەلێك پرۆژەى هاوبەشى لەگەڵ UNDCP لە ئاستى ناوچەیى و نێونەتەوەیدا جێبەجێکردووە

4- **کۆمیسیۆنى گواستنەوەى هەوایى نێونەتەوەیى** (ANC)

ئەرکى ئەم کۆمیسیۆنە ئەوەیە کە پێش بە گواستنەوەى نایاسایى مادده هۆشبەرەکان (قاچاخى نێونەتەوەیى) لە ڕێگاى هەواوە بگرێ. هەنگاوەکانى ئەم کۆمسیۆنەو هەوڵەکانى ئیکائۆ بووەتە هۆى ئەوەى کە قاچاخى مادده هۆشبەرەکان لە بەشى گواستنەوەى هەواییدا بە تەواوى کۆنترۆڵ بکرێ لە سەرجەمى ماددەهۆشبەرە دۆزراوەکاندا 31%ى لە لایەن بەشى گواستنەوەى هەواییەوە دەبێ. کارپێکردن بە پێوەرە ئەمنى و کۆنڤانسیۆن نێونەتەوەییەکان لە بەشى گواستنەوەدا یارمەتییەکى گەورە بە خەبات دژى دیاردەى قاچاخى نێو نەتەوەیى مادده هۆشبەرەکان دەدات.

ڕێکخراوە لاوەکییەکانى دیکە

5- ناوەندى لێکۆڵینەوە قەزاییەکانو تاوانە نێونەتەوەییەکانى سەر بە ڕێکخراوى نەتەوە یەکگرتووەکان.

6- ڕێکخراوى نێو نەتەوەیى کار (I.L.O) .

7- ڕێکخراوی خۆراك‌و کشتوکاڵی (F.A.O).

8- ڕێکخراوی پەرەسەندنی پیشەسازی نەتەوە یەککگرتووەکان.

9- ڕێکخراوی زانستی، کەلتووری و فێرکاری نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ).

10- سندووقی منداڵانی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسیف).

11- بەشی پێشگیری لە تاوان و جینایەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان.

کۆ هەنگاوی جیهانی دژی مادده هۆشبەرەکان

بەرفراوانی‌و بەربڵاوبوونی مادده هۆشبەرەکان، بۆتە هۆی ئەوەی کە لە ئاستی نێونەتەوەییدا وەك کێشەیەکی جیهانی چاوی لێبکرێ.

زیاتر لە یەك سەدەیە کە ئەم بابەتە بۆتە جێی سەرنجی دەوڵەتەکان، کۆڕ و کۆبوونەوەو ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان. ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانەی کە چاودێری مادده هۆشبەرەکان و بەرنامەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و بنیادە بەستراوەکان، وڵاتان و دەوڵەتەکان بەرەو خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان و لایەنە جۆراوجۆرەکانی خراپ بەکارهێنان، قاچاخ و گیرۆدەبوون ڕێنوێنی دەکا. بەرنامەی هەنگاوی جیهانی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان پەسەندکراوی ساڵی 1990 داوای لە دەوڵەتەکان کردوە کە لە پەیوەندی لەگەڵ خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان و ئاسەوارە نێگەتیڤەکانی. زیاتر جددی بن و لە ڕێگای هاوکارییە نێونەتەوەییەکانەوە، تینێك بدەنە بەر خەبات دژی ئەم بەڵام ماڵوێرانکەرە. ئەم بەرنامەیە، ستراتیژو چوارچێوەیەکی گونجاوی بۆ کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی فەراهەم کردووە تا وڵاتان بە هاوکاری یەکترو هاوکاری ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان،

پلان و بەرنامەی نیشتمانی و نێونەتەوەییەکان بخەنە واری جێبەجێکردنەوە، یەکەمین کۆڕی نێونەتەوەیی دژی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە (فوریە)ی 1990دا بە ئامادەبوونی 13 وڵات و یەك لەوان دەوڵەتی ئێران لە شاری شانگهای چیندا دەربارەی تلیاك و مادده بەدەستهاتووەکانی دیکەی پێك هات و لیژنەی نێونەتەوەیی تلیاك دامەزرا. ئەم لیژنەیە توانی لە پەیوەندی لەگەڵ مەترسی بەرهەمهێنان، فرۆشتن و بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان، هۆشداری بداتە خەڵکی جیهان و ئامۆژگاری دەوڵەتەکانی کردووە کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیاندا بە وردی مادده هۆشبەرەکان بخەنە ژێر کۆنترۆڵی خۆیان و وردە وردە پێش بە مەسرەفکردنی مادده هۆشبەرەکان بگرن. لە ئاکامی هەوڵی لیژنەی نێونەتەوەیی تلیاك لە کۆبونەوەی وڵاتان لە (ژانویە)ی 1912دا، بەرهەمهێنانی تلیاك خرایە ژێر ڕکێف‌و بەکارهێنانی ناپزیشکییانەی قەدەغەکراو پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی تلیاکیش بەستران.

لە سەر بنەمای پەیماننامەی ئیمزا کراو، بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان خرایە ژێر ڕکێف، سنوورێك بۆ قاچاخچییە نێونەتەوەییەکانی مادده هۆشبەرەکان دانراو خستنە ژێر ڕکێفی مادده هۆشبەرەکان بوو بە یەکێك لە پرسەکانی یاسای نێونەتەوەیی.

شەڕی جیهانی یەکەم (1914)، تێکچوونی سیستمی نێونەتەوەیی و زیانەکانی شەڕ، بووە هۆی چوونە سەری بەرهەمهێنان و قاچاخکردنی مادده هۆشبەرەکان و هەروەها لە وڵاتە شەڕ لێدراوەکانیشدا ئەو ماددانە زیاتر لە جاران بەکارهێنران. دوای کۆتایی هاتنی شەڕو دامەزرانی کۆمەڵەی نەتەوەکان (عصبة الامم) پەیمانی کۆمەڵەی نەتەوەکان داکۆکی لە سەر هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان کردو لە ساڵی 1921دا کۆمیتەیەکی بۆ لێکۆڵینەوەکردن لە سەر قاچاخی تلیاك و مادده هۆشبەرەکانی دیکە دیاری کرد کە بەناوی کۆمیتەی ڕاوێژکاری تلیاك ناسرا.

راپۆرتەکانی ئەم کۆمیتەیە باس لەوە دەکەن کە بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان لە جیهاندا رۆژ لە رۆژ زیاتر بووەو قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان کۆنترۆڵ نەکراو لە ساڵی 1924دا کۆنفرانسی نێونەتەوەیی لە پەیوەندی لەگەڵ مادده هۆشبەرەکاندا بە بەشداری نوێنەرانی 36 وڵات لە ژنێڤدا بەڕێوەچوو خەبات دژی قاچاخچییە نێونەتەوەییەکان خرایە دەستوری کارو سیستمێکی نێونەتەوەیی بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر بەرهەمهێنان، هەناردنو هاوردنی مادده هۆشبەرەکان دیاری کرا. ساڵی 1931 کۆنفرانسێکی دیکە لە ژنێڤدا بەستراو بە ئامادەبوونی 54 وڵات و یەك لەوان ئێران، پەیماننامەیەك بۆ سنووردارکردن، بەرهەمهێنانو کۆنترۆڵی بڵاوکردنەوەی مادده هۆشبەرەکان، پەسەندکرا. ئەم پەیماننامەیە وێڕای گرنگیدان بە هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ خەبات دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان، دەوڵەتانی ئەرکدارکردووە کە ئامار و زانیاری و پێویستی ساڵانەی خۆیان بە مادده هۆشبەرەکان بخەملێنن و بیدەنەوە بنیادی چاودێری مادده هۆشبەرەکان و تا رادەی (پێویستی) هەر وڵاتێك دیاری بکرێ. دەوڵەتان راسپێردران بە مەبەستی جێبەجێکردنی پەیماننامەکە کە دەزگایەك بۆ خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان دابمەزرێنن. لە ساڵی 1936دا پەیماننامەیەکی سەرکوتی قاچاخی نایاسایی مادده مەترسیدارەکان ناوزەدکراو وڵاتەکانی راسپارد کە دژ بە تاوانی قاچاخکردنی مادده هۆشبەرەکان هەنگاوهەڵگرن و قاچاخچییەکان دەستگیر بکەن و بیدەنەوە بە یەکترو سزای توندیان بەسەردا بسەپێنن و پۆلیسێکی ناوەندی تایبەت بە راگەیشتن بە مەسەلەی مادده هۆشبەرەکان دابمەزرێنن.

دوای شەڕی جیهانی دووەم و هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵی نەتەوەکان، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان هەندێ هەوڵی لە پێناو کۆنترۆڵکردنی

مادده هۆشبەرەکان خستە گەڕ[1]. ئاکامی ئەم هەوڵە نێونەتەوەییانە بریتی بوو لە دامەزراندنی کۆمەڵی نەتەوەکان، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و پێشکەشکردنی پرۆتۆکۆل بە وڵاتان بە مەبەستی پاوانکردنی بازرگانی تلیاك (هەناردنو هاوردن). بەکارهێنانی تلیاك تەنیا تایبەت نەکرا بە بواری پزیشکی و زانستی، -بەڵکو گیرۆدەبوونەکان دەیانتوانی بە پێی مۆڵەت تلیاك بکێشن.

لە ساڵی 1961دا ژمارەیەك لە وڵاتان بە ئامانجی کۆکردنەوەی دەرەنجامی باسەکانی کۆنفرانسەکان، پەیماننامەکانو پرۆتۆکۆڵەکانی رابردوو، چەند کۆبوونەوەیەکیان گرێدا کە پەیماننامەیەکی تایبەت بە مادده هۆشبەرەکانی لێکەوتەوەو بە مەبەستی ئاسانکاریکردن، لیژنەی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان پێکهات. لە ساڵی 1971 دا پەیماننامەی مادده سەرخۆشکەرەکان لە ڤییەندا ئیمزا کراو ئەو ماددەهۆشبەرە نوێیانەشی گرتە خۆ کە لە جیهاندا بەکار دەهێنراو لە ژێر چاودێری پەیماننامەی 1961 دا نەبوو. لە ساڵی 1988دا پەیماننامەیەك دژی قاچاخی نایاسایی ماددەهۆشبەر و سەرخۆشکەرەکان پەسەند کرا کە بە دوایین پەیماننامەی مادده هۆشبەرەکانو تاوانی نیشتمانی و هاوکاری و بەشداری نێو نەتەوەیی لە قەڵەم دەدرێ[2].

1- لە ساڵی 1964دا شووراى ئابووری کۆمەڵایەتی کۆمیسیۆنی ماددەهۆشبەرەکانی پێکهێناو لە ساڵی 1948دا کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوەکان بە پەسندکردنی پرۆتۆکۆلێك، چاودێریکردنی ماددەهۆشبەرەکانی پەرەپێدا و ئەو ماددانەشی گرتەوە کە لە لایەن رێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە دیاری دەکرێن.

2- تا کۆتایی ساڵی 1996 بیست وڵات لە سەرجەمی 24 وڵاتی ئاسیایی لە دەرەوەی پەیماننامەی 1961دا، 18 وڵات ئەندامی پەیماننامەی 1971و 19 وڵات چوونە نێو پەیماننامەی 1988 ەوەو وڵاتانی ئەفغانستانو گورجستان(جورجیا)ئەندامی هیچ یەك لە پەیماننامە نێو نەتەوەییەکان نین.

ئەمڕۆکە سەرجەمی وڵاتانی جیهان بە کێشەی مادده هۆشبەرەکانەوە تووش بوونو دەرەنجامو کاریگەرییە خراپەکانی ئەم دیاردە مەترسیدارە کارێکی وای کردووە کە دەوڵەتان بە پێی هەلومەرج و بارودۆخی خۆیان، لەگەڵ پەیماننامە نێونەتەوەییەکاندا هاوهەنگاوبنو بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی بڵاوکردنەوەو داخوازی مادده هۆشبەرەکان، خراپ بەکارهێنان و خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان بخەنە بەرنامەی کاری خۆیانەوە. هەر وڵاتێك بنیادو رێکخراوی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان دابمەزرێنن و کار و بارە پەیوەندیدارەکان بخرێتە چوارچێوەی پەیماننامەکان و بە سەرنجدان بە یاسای ناوخۆیی و سێنترالّ جێبەجێ بکرێ. سەرباری ئەو هەوڵانەی دراون، گرنگترین کێشەی وڵاتانی جیهان لە ئاستی نیشتمانیدا، چوونە سەری داخوازی بۆ بەکارهێنانی نایاسایی مادده هۆشبەرەکان و قاچاخی نێونەتەوەیی ئەو ماددانەیە.

قاچاخی نێو نەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان، تاوانی نێونەتەوەیی بە تاوتوێکردنی تاوانە نێونەتەوەییەکان دەتوانین ئەم تایبەتمەندییانەی خوارەوە وەك توخمی پێکهێنەری تاوانی نێونەتەوەیی لە قەڵەم بدەین:

أ- توخمی نێونەتەوەیی
ب- توخمی فرە نەتەوەیی
ج- توخمی دەوڵەت

دەتوانین هەرسێ تایبەتمەندیەکەی سەرەوە لە بابەتی قاچاخی مادده هۆشبەرەکاندا بەدی بکەین. قاچاخی مادده هۆشبەرەکان تاوانێکی سیستماتی فرە نەتەوەییە. جۆرەکانی ئەم تاوانە لە ئاستی نێونەتەوەییدا هەڕەشەیە بۆ سەر تەندروستی ئینسانەکان، فەرمانڕەوایی وڵاتان و

ئاسایشی جیهانی و پرنسیپەکان و رێوشوێنە نێونەتەوەییەکانیش پێشێل دەکا. مەبەست لە توخمی نێونەتەوەیی، ئەنجامدانی کردار یان وازهێنان لە کردارێکە کە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ هەڕەشە لە ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دەکاو ئەنجامدانی ئەو کردارە ویژدانی مرۆڤایەتی بریندار دەکا و میتانەتەوەییبوونی تاوانی نێونەتەوەیی مانای ئەوەیە کە کرداری تاوانکارانە کاریگەری لە سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی زیاتر لە وڵاتێك دادەنێ، واتە کرداری تاوانکارانە سنووری نەتەوەیی وڵاتێك تێدەپەڕێنێ، یان دانیشتوانی زیاتر لە وڵاتێك دەگرێتەوە. مەبەست لە دەستێوەردانی توخمی دەوڵەت لە تاوانی نێونەتەوەییدا ئەمەیە کە تاوان بەو تایبەتمەندییانەوە کە باسکران لە لایەن بەشێك لە سیاسەت یان بیرکردنەوەی دەوڵەت، نوێنەرانی دەوڵەتەکان و فەرمانبەرانی دەوڵەتەوە ئەنجام دەدرێ. (تاوانە نێونەتەوەییەکان بریتییە لەو کردەوە نایاساییانەی کە پەیمانێکی گرنگ و بنچینەیی پێشێل دەکەن کە لە روانگەی بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵگەی جیهانییەوە گرنگی بنچینەیی هەیە).

قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لەو تاوانانەی کە لە مەیدانی نێونەتەوەییدا رووودەداو هەڕەشەیە بۆ سەر تەندروستی ئینسانەکان، دەسەڵاتدارێتی وڵاتان و ئاسایشی کۆمەڵگەی جیهانی و، بنەماکان و رێوشوێنە نێونەتەوەیەکان پێشێل دەکا[1]. جگە لەمانە ئەم کردەوە تاوانکارانە هەڕەشە لە بنیادە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە وەك ئابووری، کۆمەڵایەتی، کەلتوری، سیاسیو بنەماڵە دەکاو زیان بە

1- ئەو پەیماننامە نێونەتەوەییانەی کە لە ساڵەکانی 1961، 1971و 1988دا لە مەڕ مادده هۆشبەرەکان پەسند کرانو زۆربەی وڵاتانی جیهان پێیانەوە پەیوەست بوون، بە بەڵێننامەی نێونەتەوەییو سەرچاوەی یاسای نێونەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێ.

بەرژەوەندییە نەتەوەیی و ناوچەییەکان دەگەیەنێ، دانیشتوانی زیاتر لە ولاّتێك دەگرێتەوە و هەڵگری تۆخمی میتانەتەوەیی.

دەستەوەستانی یەك یان چەند دەوڵەت لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم دیاردە سیستماتییەدا و ترس و نیگەرانی ولاّتان و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی کە لە پێشەکی پەیماننامەکاندا باسکراوە، دەتوانین وەك بەڵگەیەکی نێونەتەوەیی بوونی تاوانی قاچاخی ماددەهۆشبەرەکان چاوی لێبکەین.

گرووپە سیستماتییەکان و قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان

کاتێ باس لە گرووپی سیستماتی دەکەین، تاوانی سیستماتیش دێتە نێو زەینمان. قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکانیش تاوانێکی میتانەتەوەیی سیستماتییە کە لە لایەن باندو گرووپە سیستماتیەکانەوە بە پێی زنجیرە پلەی هێز، ئیمکانات و کەرەستەوە سنووری ولاّتان دەبەزێنن، سەروەری خاکی دەوڵەتەکان پێشێل دەکەنو لە رێگای گواستنەوە لە سەرەتاوە تا کۆتایی هەندێ تاوانی دیکەی وەك فڕۆکە رفاندن، تیرۆرو کوشتن، لە ناوبردنی ژینگە، قاچاخی چەك و تەقەمەنی.. هتدیش بە دوای خۆیدا دێنێ.

تاوانی سیستماتی بەو کردەوە تاوانکارانە دەوترێ کە لە لایەن باندو گرووپی یەکگرتوو و رێکخراوەوە ئەنجام دەدرێ و مەبەستیان بەدەستهێنانی سوودو قازانجی ماددییە. گرووپی سیستماتیش بریتیە لە کۆی هێز و توانا و دەسەلاّتی ماددی سیستماتی بۆ چالاکی تاوانکارانە. هەر کاتێك تاوانی سیستماتی مۆرکی میتانەتەوەیی بە خۆوە بگرێ، دەبێتە هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی نێونەتەوەیی و قاچاخی مادده هۆشبەرەکان کە لە لایەن

گرووپ و باندە سیستماتیەکانەوە ئەنجام دەدرێ، مۆرکی میتانەتەوەیی پێوەیە و تاوانێکی نێونەتەوەییە[1].

قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان، سەرەکیترین چالاکی باندو گرووپە تاوانکارە نێونەتەوەییەکانە[2]. پڕقازانجبوون و کاریگەری مادده هۆشبەرەکان لە ئابووریدا بۆتە هۆی ئەوە کە گرووپە سیستماتییەکان بە پشتبەستن بە کارتێلو رێکخراوە مافیاییەکان و پشتیوانی و رێنوێنی نهێنی دەسەلاّتدارەکان بە ئاسوودەیی لە ئاستی نێونەتەوەییدا بازرگانی بە مادده هۆشبەرەکانەوە بکەن و لە بەشی مادده هۆشبەرەکان و دەرمانە سەرخۆشکەرەکاندا ببنە گەورەترین سەرمایەگوزاری ئابووری.

کارتێلەکانی مێدلین (Medellin) و کالی لە کۆلۆمبیادا[3]، مافیا لە ئەورووپای رۆژهەلاّتدا، تردیاکان لە ئەوروپا، ئەمریکا و ئاسیادا و گرووپی مادده هۆشبەرەکانی مۆسکۆ لە ئەفغانستان، لەندەنو لائوس نموونەیەکن لەو کارتێلە بەناوبانگانە کە هۆکاری گواستنەوە و قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکانن، لە بەرهەمهێنان تاکو بلاّوکردنەوە لە ئاستی جیهاندا لە ژێر

1- نەخشەی ئەپراسیۆنی جیهانی بۆ خەبات دژی تاوانە سیستماتییە میتانەتەوەییەکان، یەکێك لە هەنگاوەکانی وەزیرانی ناوخۆ دادگاکانی 142 ولاّتی بەشدار لە کۆنفرانسی نێونەتەوەیی دابوو کە لە رێکەوتی 21 تا 23ی نۆڤێمبەری ساڵی 1994دا پێك هات.

2- ئەم باندو گرووپانە ئامێرە مۆدێرنەکانی وەك کۆمپیوتەر، سەتەلایت، ئامێری هەوڵگری و پێوەندیگرتن، چەکی قورس و نیوەقورس، فڕۆکە، کەشتی، ئوتومبێلی جۆراوجۆریان لەبەردەستدایەو رێکخراو و رێکخستن و سێنترالیزمی تایبەت بەخۆیان هەیە و لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی خۆیاندا بە شێوەی سیستماتی تاوان ئەنجام دەدەن.

3- بارەگای سەرەکی کارتێلی مێدلین لە شاری مێدلین (Medlellin)لە 150 مایلی رۆژئاوای بوگۆتا (Bogota)پایتەختی ولاّتی کۆلۆمبیادا هەڵکەوتووە و بارەگای سەرەکی کارتێلی کالی شاری کالی (Cali)یە کە کەتووەتە 200 مایلی باشووری رۆژئاوای پایتەخت.

کۆنترۆڵ و ڕێبەریکردنی ئەواندایە[1]. لە نێو ڕێکخراوە تاوانکارەکاندا، مافیا ناوبانگی جیهانی هەیە و لەساڵی 1969 بە دواوە کە زانیبیان قاچاخی جگەرە و تەماکۆ قازانجی کەمتری هەیە، دەستیانکرد بە قاچاخی هیرۆیینو کۆکایینو کاری دیکەی وەك بازرگانی چەك و تەقەمەنی و بازرگانی سێکسی بە شێوەیەکی بەربڵاو.

دەسەڵاتی وڵاتان بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانە نێونەتەوەییەکان

توخمە پێکهێنەرەکانی وڵات (کەسێتی یاسایی نێونەتەوەیی) بریتین لە: سەر زەوی (خاك)، حەشیمەت (دانیشتوان)، دەوڵەت و فەرمانڕەوایی. بە دروستبوونی وڵاتێك لە سەر زەوییەکی دیاریکراودا، ئەگەر ئەو توخمە پێکهێنەرانە هەبن، سەربەخۆیی لە کردەوە و فەرمانڕەوایدا مانا پەیدا دەکا. دەسەڵات، ڕەهەندێکی تایبەتی فەرمانڕەواییە و فەرمانڕەوایی بریتییە لە دەسەڵاتی گشتی و یاسایی دەوڵەت کە بە شێوەی یاسا لە پەیوەندی لەگەڵ تاکەکان، ماڵ و موڵك و کاروبارەکانی دیکەدا بەکاردەبرێ. ئەگەرچی گەشەی خێزانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییەکان و زانیاریەکانو سەتەلایتو کۆمپیوتەر وایکردووە کە دەوڵەتەکان نەتوانن بە ئاسانی لە تاوانە نێونەتەوەییەکان بکۆڵنەوە، بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەتەکان لەسەر ئەم کۆڵەکانەی خوارەوە دامەزراوە:

1- ئەنجومەنەکانی تریا(Triad) لە چینو هونگ کۆنگدا یەك لە گەورەترین و دەستڕۆیشتووترین ڕێکخراوە تاوانکارەکانن و لە کرداردا هاوشێوەی مافیان و دەستیان لە هەندێ لە ڕاپەڕینەکانی هۆنگ کونگدا هەیە و جگە لە کاری تاوانکارانە و قاچاخچییەتی، کاری بزرگانی یاسایش ئەنجام دەدەن.

1- **دەسەڵاتی خاك:** بە پێی ئەم بنەمایە، لێکۆڵینەوە لە تاوان بە سەرنجدان بە شوێنی ئەنجامدانی هەموو یان بەشێك لە تاوانەکە دەکرێ. لەم جۆرە دەسەڵاتە دا، دەوڵەتەکان دەتوانن لێکۆڵینەوە لە هەموو یان بەشێك لە تاوانەکە بکەن کە لە چوارچێوەی سنوورەکانی ئەواندا ئەنجامدراوە یان ئاسەوارێکی خراپی لە قەڵەمڕەوی ئەواندا بەجێهێشتووە. بنەمای دەسەڵاتی خاك، بنەمایەکی پەسەندکراوی نێونەتەوەییە.

2- **بنەمای دەسەڵاتی جیهانی:** بە پێی ئەم بنەمایە، دەوڵەتەکان مافی ئەوەیان هەیە کە لە قەڵەمڕەوی خۆیاندا دوای هەندێ لە تاوانباران بکەون، بێئەوەی گوێ بەوە بدەن کە تاوانەکە لە کوێ ئەنجام دراوەو تاوانبار یان قوربانییەکە خەڵکی چ وڵاتێکە. چونکە گریمانە ئەوەیە کە ئەم جۆرە تاوانە دژ بە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەقەڵەم دەدرێ. ئەمە بنەمایەکی ئاوارتەیە لە بنەمای دەسەڵاتی خاکدا و ئامانجی ئەوەیە کە تاوانە نێونەتەوەییەکان، بێ سزادان نەمێننەوە[1]. قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان یەکێکە لەو تاوانە نێونەتەوەییانە کە دەسەڵاتی گشتی جیهانی دەیگرێتەوە، بەڵام چونکە مادده هۆشبەرەکان جۆراوجۆرن، لەوەدا کە دەسەڵاتی جیهانی کام یەك لەوانە دەگرێتەوە، تەم ومژ و ناڕوونی هەیە.

3- **بنەمای دەسەڵاتی جیهانی:** بە پێی ئەم بنەمایە، هەر دەوڵەتێك مافی ئەوەی هەیە کە لە ئاست هەر تاوانێکدا کە دژ بە ئاسایش و سەروەری و بەرژەوەندییەکانی ئەنجام دەدرێ، دەسەڵاتی خۆی بەکاربهێنێ

1- تاوانە نێو نەتەوەییەکان بریتین لە: دزیی دەریایی، تاوانەکانی شەڕ، کۆمەڵکوژی، نەژادپەرستی، فڕۆکە ڕفاندن، بارمتەگیری، تیروریزم، دزینی مادەی ناوەکی (هەستەیی)، دەستڕێژیکردنە سەرخاك و..

و دەتوانێ لە قەڵەمڕەوی خۆیدا دژ بەو تاوانانە بجوڵێتەوە کە لە دەرەوەی سنوورەکانیدا لە هەر لایەکیەوە زیانی پێ دەگەیەنن[1].

لە دەستوری ئێرانیشدا، هەر ئێرانییەك یان بیانییەك کە لە دەرەوەی قەڵەمڕەوی فەرمانڕەوایدایە، هەر تاوانێکی وەك زیان گەیاندن بە کۆماری ئیسلامی ئێران، دروستکردنی پارەی ساختەو هتد....، ئەنجام بدات لە دادگاکانی ئێراندا لێی دەکۆڵرێتەوە[2].

لایەنەکانی قەدەغەبوون و خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکان

هەروەك باسمان کرد، خاڵی هاوبەشی ماددە هۆشبەرەکانو دەرمانە سەرخۆشکەرەکان ئەوەیە کە دەکرێ خراپ بەکاربهێنرێن و کاریگەرییەکی زۆر خراپ لەسەر دەمارەکان و رەفتاری کەسەکە دادەنێن.

سەرباری ئەوەی کە یاسا چاندنی ماددە هۆشبەرەکانی قەدەغەکردووە، بڵاوکردنەوە و کێشانی ماددە هۆشبەرەکان و بەربەرەکانیکردن لەگەڵ بەرهەمهێنان، بڵاوکردنەوەو خراپ بەکارهێنانی ماددە هۆشبەرەکان و هەنگاوی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی دژی ئەم دیاردەیە و دژایەتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ گیرۆدەبوون، خراپ بەکارهێنان، بڵاوکردنەوە و داخوازی بۆ ماددە هۆشبەرەکان چۆتە سەر. لایەنگرانی قەدەغەکردنیی ئازادی لە کێشانی ماددە هۆشبەرەکان دەبێتە هۆی چوونە سەری بەکارهێنان و مەیلی

1- یاسای زۆرێك لە وڵاتە ئەوروپییەکان بۆ وێنە فرەنسا، ئەڵمانیاو ئەمریکا دەسەڵاتی دادگاکانی ئەم وڵاتانەیان بۆ لێکۆڵینەوە لەو تاوانانەی کە لە دەرەوە ئەنجام دەدرێن بەڵام زیان بە بەرژەوەندی ئەم وڵاتانە دەگەیەنن، بە رەسمییەت ناسیووە.

2- مادەی (5) ی یاسای سزادانی ئیسلامی، پەسندکراوی ساڵی 1991.

تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ چێژ لێوەرگرتن و کەیفخۆشی بە یەکەم هەنگاوی گیرۆدەبوون دادەنێن. کاریگەرییە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی گیرۆدەبوون لە ناوخۆی وڵات و کاریگەری قاچاخی نێونەتەوەیی ئەو ماددەیە لە سەر فەرمانڕەواییو ئاسایشی وڵاتان، بۆتە هەوێنی ئەوەی کە کۆمەڵگەی جیهانی و دەوڵەتەکان لە پێناو تەحریمکردن و قەدەغەکردنی چاندن، بەرهەمهێنان، کێشان و قاچاخی ماددە هۆشبەرەکاندا هەنگاو هەڵگرن. وێڕای قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوە، چەند هەوڵێکیش بۆ کەمکردنەوەی داخوازی بۆ کێشانی ماددە هۆشبەرەکان ئەنجام دراوە. فێرکردنی گشتی، رێگرتن، چارەسەرکردن و پەروەردەکردنەوەی گیرۆدەبووەکان نموونەیەکن لەو کارانەی کە لە پێناو کەمکردنی داخوازی بۆ کێشانی ماددە هۆشبەرەکاندا ئەنجام دراون. سەرباری هەنگاوە نێونەتەوەییەکان و هەوڵە نەتەوەییەکان، پرۆژەی قەدەغەکردنی ماددە هۆشبەرەکان بە ئامانجی کەمکردنی داخوازی و خەبات دژی گیرۆدەبوون نەیتوانیوە سەرکەوتووبێت. سنووردارکردن و قەدەغەکردن، جێبەجێکردنی یاساکان و خەبات دژی بڵاوکردنەوەی ماددە هۆشبەرەکان، نەك هەر نەبووەتە هۆی کەمکردنی داخوازی، بەڵکو رێژەی بڵاوکردنەوەی لە رووی نرخ و داخوازی بۆ کێشانی ماددە هۆشبەرەکان بردۆتە سەر.

بە گشتی، ناچاربوونی تاکەکان بۆ رێزدانان و رەچاوکردنی یاسا لە کۆمەڵگادا کاراییەکی جێی متمانەی نییە، ئێمە لە ناو کۆمەڵگادا رۆژانە شاهیدی چەندین لادان و پێشێلکاری یاسا و رێساکانین. خۆدزینەوەی خەڵك لە دانی باج، رەچاونەکردنی یاساکانی هاتوچۆو هتد...، نموونەیەکی لەو چەشنەن. هەنگاوی یاسایی دژ بە ماددە هۆشبەرەکانیش هەر لەم چوارچێوەیە بەدەر نییە، بۆیە پێویستە بۆ چارەسەرکردنی ئەم جۆرە کێشان، کاری کەلتووری و پەروەردەیی ئەولەویەتی پێ بدرێ. زیانە کەسی و

کۆمەڵایەتییەکانی کێشانی مادده هۆشبەرەکان، کۆمەڵگەی جیهانی و دەوڵەتەکانی وا لێکردووە کە یاسا و ڕێسای تایبەت بە سنووردارکردنی مادده هۆشبەرەکان پەسند بکەن، بەڵام باجی یاسایی و هەزێنەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان زیاتر بووە لە تێچووی کێشانی مادده هۆشبەرەکان و ئەو هەنگاوانەی لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا نراوان کاریگەر نەبوون، چونکە:

1- کێشانی مادده هۆشبەرەکان جۆرە چێژوەرگرتن و کەیفخۆشییەك بە دوای خۆیدا دەهێنێ و لایەنی دەرمانییەکەی ئارامبەخش و کاریگەرە. کە دەڵێن حەزی کەسەکان بۆ چێژلێوەرگرتن بە یەکەم هەنگاوی گیرۆدەیی لە قەڵەم دەدرێ، هەر لە بەر ئەم هۆیەیە.

2- لە رووی کەلتوورییەوە، داب و نەریتی کۆمەڵگا پێشوازی لە تەحریمی مادده هۆشبەرەکان نەکردووە و لە وڵاتانی ئیسلامیشدا کێشانی حەرام نەکراوە وەك خواردنەوەکانیش کۆدەنگییەك لەسەر ناشەرعیکردنی لە ئارادا نییە.

3- بەرهەمهێنان، کڕین و فرۆشتن و کێشانی مادده هۆشبەرەکان لە چوارچێوەی پەیماننامە نێونەتەوەییەکان و یاسای ناوخۆیی وڵاتاندا جێبەجێ دەکرێ و لە نێوان بەکارهێنانی ئیزندراو و ئیزننەدراودا سنوورێك هەیەو هەر ئەمەش بووەتە هۆکاری چوونەسەری داخوازی و کاریگەری ئارامکەرەوەی مادده هۆشبەرەکان و بە مەیلی (خەڵك) بۆ چێژلێوەرگرتن.

دیاردەکانی دیکەی قەدەغەکردن و خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان

1- تێکهەڵچوونی توند و چەکدارانەی نێوان قاچاخچییەکان و هێزەکانی ئاسایش و دەوڵەتەکان.
2- کوشت و بڕو تاڵانکردن لە نێوان تۆڕە تاوانکارەکان و قاچاخچییەکانی مادده هۆشبەرەکاندا.
3- گەورەکردنەوەی سیمای تاوانبارەکان لە لایەن میدیاکان و بە قارەمانکردنی قاچاخچییەکان.
4- توندوتیژی لە بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان و بازرگانی چەکدارانە وێڕای کوشتن و پیاوکوژی.
5- چوونەسەری تێچووی دابینکردنی پێویستی کەسە گیرۆدەکان و سەرەنجام، دزیکردن، قۆڵبڕین، لەشفرۆشی و ئەنجامدانە تاوانی دیکە لە پێناو دابینکردنی خەرجی مادده هۆشبەرەکاندا.
6- ڕێنوێنیکردنی گیرۆدەکان بۆ بەکارهێنانی ماددەی دیکە کە گەلێك زیانبارتر و مەترسیدارترن.
7- دیاردە و دەرەنجامەکانی شاردنەوەی گیرۆدەیی(گیرۆدەبوون) بە مادده هۆشبەرەکان لە ناو بنەماڵەدا.
8- چوونە سەری تێچووەکانی دەرمانکردن و سەردانی کەسەکان بۆ ناوەندە دەرمانییەکان (ژەهراویبوون، تووشبوون بە نەخۆشییەکانی دیکەی وەك ئایدزو...).

ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان

قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان بۆ هەندێ لە دەوڵەتەکان قازانجێکی ئابووری و بازرگانی زۆری هەیە. جگە لە لایەنە سیاسی- کۆمەڵایەتیەکانی مادده هۆشبەرەکان، یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی

سەرنەکەوتنی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بۆ چارەکردنی کێشەی ماددە هۆشبەرەکان، دەگەڕێتەوە سەر قازانجی سیاسی و ئابووری هەندێ لەو دەوڵەتانەی کە ماددە هۆشبەرەکان بڵاو و دابەش دەکەن و بوونەتە وڵاتی ترانزیت کە سەرباری ئاکامە تاڵەکانی، تاکو ئێستا دەستیان لە بازرگانی پڕ قازانجی ماددە هۆشبەرەکان هەڵنەگرتووە. دووربوونی ناوەندەکانی بەرهەمهێنان لە بازاڕەکانی کڕین و فرۆشتن، پڕ داهاتبوونی بازرگانی نێونەتەوەیی ماددە هۆشبەرەکان، لاوازبوونی ئابووری وڵاتانی سەر ڕێگای ترانزیتی ماددە هۆشبەرەکان و وڵاتانی کڕیار، کێبڕکێ و قازانجی کارتیلەکان، ڕێکخراوەکان و تۆڕەتاوانکارە نێونەتەوەییەکان، بەشداری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەندێ لە دەوڵەتەکان و هۆکارەکانی دیکە، ترانزیتی ماددە هۆشبەرەکانی ئاسان کردووە و جۆرەکانی ماددە هۆشبەرەکان بە شێوەی نایاسایی دەگوێزرێتەوە بۆ وڵاتانی کڕیار و لەوێ بڵاودەکرێنەوە.

قاچاخچییە نێونەتەوەییەکان (بەپشتبەستن) بە ئامێری پێشکەوتوو و ئامراز و کەرەستەی جەنگی و ڕێکخراوەیی و بە کەڵکوەرگرتن لە لاوازی هێزە سەربازی و ئاسایش و سنوورپارێزەکان، لە قەڵەمڕەوی وڵاتانەوە ماددە هۆشبەرەکان بۆ ئەورووپا و ئەمریکا ترانزیت دەکەن. هەندێکجار ترانزیتی ماددە هۆشبەرەکان بە ئاشکرا دەکرێ و بە دەم چەوورکردنی هێزە دەوڵەتییەکان و ڕەنگیشە بە هەماهەنگی نهێنی لەگەڵ بەرپرسانی دەوڵەت و هاوبەشی هەندێ لە دەوڵەتەکان لەگەڵ تۆڕەکانی قاچاخدا ئەنجام دەدرێ و هەندێکجار بە نهێنی و لە ژێرناوی کاڵای بازرگانی و بەستەی ستانداردا دەگوێزرێتەوە. ماددە هۆشبەرەکان کە لە خاکی ئێرانەوە بۆ تورکیا و لەوێشەوە بۆ بولگاریا و مەکدۆنیا و ئەلبانیا دەگوێزرێتەوە. تلیاك و هیرۆیینی ترانزیتکراو بۆ ئیتالیا و مەکدۆنیا و بۆ ئەورووپای ڕۆژئاوا دەبرێ

و بارە حەشیشیش بۆ بازاڕەکانی یۆنان و ئیتالیا دەنێردرێ. ترانزیت، مەسەلەیەکی گرنگە لە قاچاخی نێونەتەوەیی ماددە هۆشبەرەکاندا کە لەگەڵ تۆڕە بەربڵاو و سیستماتی و شاراوەکاندا، ماددە هۆشبەرەکان دەگوێزنەوە. ئەم تۆڕانە لەلایەن باندە تاوانکارە نێونەتەوەییەکانەوە هەندێ لە دەوڵەتەکان و بەرپرسە ناوچەییەکان و کۆمپانیاکانی دەرمانەوە ڕێکدەخرێن. گرەنتیکردنی لایەنی ئەمنی و ترانزیتی ماددەکان بە هۆی گرووپی سیستماتییەوە ئەنجام دەدرێ و ماددە هۆشبەرەکان لە وڵاتانی بەرهەمهێن و وڵاتانی ترانزیتکەری سەرە ڕێگاوە بە ئاسانی دەگوێزرێنەوە بۆ بازاڕەکانی ئەورووپا، ئەمریکا و ئەفریقیا. لە ئاسیادا، ئەفغانستان و پاکستان گرنگترین ناوەندەکانی بەرهەمهێنەری ماددە هۆشبەرەکانن. ئەو ماددانەی لەم ناوچەیەدا بەرهەمدەهێنرێن، زیاتر لە چوار هەزار تەنە، کە بەشی گەورەی لە ڕێگای کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە شێوەی ترانزیت بەرەو ئەمریکاو ئەورووپا دەڕوات، لە بەرئەوەی کە ئێران لە رووی هەڵکەوتی جوگرافیاییەوە کەوتۆتە ناوچەی کەوانەی زێڕین، بەسەرنجدان بە مەترسییەکانی گواستنەوەی هەوایی و دەریایی، کورتترین مەودای گواستنەوەی ماددە هۆشبەرەکانە بۆ ئەورووپا و مەسەلەی ترانزیتی ماددە هۆشبەرەکان لە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەوە بەردەوام یەکێك لە کێشە ئەمنییەکان بووەو، بە هۆکاری سەرەکی کێشانی ماددە هۆشبەرەکان و گیرۆدەیی (اعتیاد) لە ناوخۆی وڵاتدا لە قەڵەم دەدرێ. ڕەوشی ماددە هۆشبەرەکان لە ناوچەکە و هەڵکەوتی ستراتیژی ترانزیتی ئێران بە جۆرێکە کە ئەگەر یەك ساڵ خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکان لە ئێراندا ڕابوەستێ، ئەوەندەی چوار ساڵ ماددەی هۆشبەری پێویستی بازاڕەکانی بەریتانیا، فەرەنسا و ئیتالیا لە ڕێگای ئێرانەوە دەگاتە ئەورووپا. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەرنامەی کۆنترۆڵکردنی ماددە هۆشبەرەکانی سەر بە ڕێکخراوی

نەتەوەیەکگرتووەکان (UNDCP) نووسینگەیەکی لە ئێراندا کردۆتەوە و پرۆژەیەکی یارمەتی 13 ملیۆن دۆلاری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی بۆ بەهێزکردنی توانای ئێران لە خەبات دژی ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان دەستپێکردووە.

گرنگترین ئاستەنگەکانی بەردەم ڕێگای ئێران لە خەبات دژی ترانزیتی مادده هۆشبەرەکاندا چاندنی بەربڵاوو بەرهەمهێنانی بەرفراوانی مادده هۆشبەرەکان لە ئەفغانستاندا.

1- بەربڵاوبوونی سنووری ئێران لەگەڵ پاکستان و ئەفغانستان و دراوسێکانی دیکەدا.
2- خەرج هەڵگربوونی خەبات بە تایبەت لە جێبەجێکردنی پرۆژەی داخستن، قایمکردن و کۆنترۆڵکردنی سنوورەکاندا.
3- بوونی هاوبەشی نەتەوەیی، کەلتووری و خزمایەتی نێوان (دانیشتوانی) ئەم دیو و ئەودیوی سنوورەرۆژهەڵاتییەکان.
4- هەلومەرجی ئابووری و بارودۆخی ژیان و گوزەرانی دانیشتوانی سەر سنوور لە رۆژهەڵاتی وڵاتدا.
5- قاچاخچییە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان و پڕقازانجبوونی بازرگانی مادده هۆشبەرەکان.
6- حاشاهەڵنەگربوونی گواستنەوەی ماددەهۆشبەرە بەرهەمهێنراوەکان لە ئەفغانستان بەرەو ناوچەکانی دیکەی جیهان کە لە ساڵدا دەکاتە زیاتر لە 400 تەن.
7- بازاڕی پڕداهاتی مادده هۆشبەرەکان لە وڵاتە ئەوروپی، ئەمریکی و ئەفریقییەکاندا.

8- نزیکبوون لە ناوەندە بازرگانییە ناوچەییەکانی دوبەی، بەحرێن و مەسەلەی دروستکردنی پارەی ساختە.
9- لەرادەبەدەربوونی مادده هۆشبەرەکان لە ناوخۆی وڵاتدا، چوونەسەری ئاستی بڵاوکردنەوەو داخوازی بەکارهێنانی مادده هۆشبەرەکان.
10- زیانە کەسی و کۆمەڵایەتییەکانی خەبات دژی ترانزیتی مادده هۆشبەرەکان.

پێویستیی هاوکاری نێونەتەوەیی دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان

دیرۆکی هاوکارییە نێونەتەوەییەکان و رەوتی گەشەکردنی ئەو هاوکارییانە لە دژی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان لە ساڵی 1909 تاکو ئێستا ئەو راستییە دەسەلمێنن کە مادده هۆشبەرەکان زیانی بەهەموو وڵاتان، چ وڵاتانی پێشکەوتوو و چ وڵاتانی روو لە پەرەسەندن گەیاندووە. هەڕەشەکردن لە فەرمانڕەوایی و ئاسایشی وڵاتان، هەڕەشەکردن لە دەزگا سەرەکییەکانی وڵاتانو بە سیستماتیببوونی قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان بەشێکن لەو هۆکار و خاڵە هاوبەشانە کە وڵاتانی والێکردووە دژ بەم پەتا جیهانییە هاوکاری یەکتر بکەن.

ئێستا ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتەکان بە مەبەستی کەمکردنەوە و کۆنترۆڵکردن و خەبات دژی کێشان و قاچاخکردنی مادده هۆشبەرەکان بەرنامەیەکی کارییان بۆ خۆیان داناوە. بە جیهانیبوونی دیاردەی مادده هۆشبەرەکان ڕێگایەکی دیکەی جگە لە هاوکاری نێونەتەوەیی بۆ دژایەتیکردن نەهێشتۆتەوە و لەبەرئەوە وڵاتان ناتوانن لە ئاستی نیشتمانیدا بەرامبەر بەم دیاردەیە بوەستن، لەبەرئەوەی کە باندە سیستماتییەکانو قاچاخچییە نێونەتەوەییەکان بە کەڵکوەرگرتن لە

پێشکەوتووترین ئامرازەکانی پەیوەندیگرتن و گواستنەوە و گەیاندن خۆیان خزاندۆتە ناو وڵاتەکان و بۆ ترانزیتکردن و قاچاخی مادده هۆشبەرەکان و پەیوەندیگرتن لەگەڵ قاچاخچییەکان لە ئاستی نێونەتەوەییدا کەڵك لە شێوازەکانی کاری پۆلیسی بۆ بەدەستهێنانی زانیاریو کاری نهێنی وەردەگرن، وڵاتان دەستەویەخەی کێشەیەکی لە چارەنەهاتوون کە یەکلاییکردنەوەی ئەم کێشەیە تەنیا بە ڕێگای ئیرادەیەکی نێونەتەوەیی، ستراتیژییەکی یەکگرتووی جیهانی و هەماهەنگی و هاوسانی یاسا نەتەوەییەکانەوە جێبەجێدەبێ.

لە لایەکی دیکەشەوە، هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و فەرمانڕەوایی وڵاتەکان، پێشێلکردنی یاسا و ڕێساکان و پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، ئەو پێویستیە دێنێتە گۆڕێ کە دەوڵەت و ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان بە شێوەی یەکگرتوو و هاوئاهەنگ دژایەتیکردنی تاوانە نێونەتەوەیەکانی مادده هۆشبەرەکان بخەنە بەرنامەی کاری خۆیانەوە. چونکە قاچاخکردن و ترانزیتی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان، جۆرە دەستتێوەردانێکە لە کاروباری ناوخۆی وڵاتان و سەروەری وڵات پێشێل دەکا، لە ڕووی ڕێکەوتنە نێونەتەوەییەکانەوە بە کارێکی تاوانکارانە لە قەڵەم دەدرێ و پەیوەندی بە سیستمی یاساییەك یان چەند وڵاتەوە هەیە، سەرباری ئەوەی کە فرەنەتەوەییبوونی ترانزیت و قاچاخی مادده هۆشبەرەکان فەرمانڕەوایی و ئاسایشی وڵاتانی تووشی کێشە و گرفت کردووە. کێشەی بەردەوامی مادده هۆشبەرەکان، بووەتە خەمی هاوبەشی ئینسانەکان و هەڕەشەیەکی نێونەتەوەیی کە هەڕەشە لە سەلامەتی جەستەو ئەخلاقی ئینسانەکان دەکا و بە مەترسییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێ. کێشانی مادده هۆشبەرەکان بە شێوەی بەردەوام، گیرۆدەیی جەستەیی و دەروونی دروست دەکات. سەرەتا زیان بە بنەماکان دەگەیەنێ و لە ڕێ

بەدەریان دەکا و پاشان کۆمەڵگا و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە مەترسییەوە و کۆمەڵگای گیرۆدەبوو لە هەر وڵاتێکدا هێزێکی سەربار و بەرخۆرە. جگە لەوە کێشان و قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان زیان بە ئابووری وڵاتان و ئابووری نێونەتەوەیی دەگەیەنێ.

پەیماننامەکان و هاوکارییە نێونەتەوەییەکان لە دژی مادده هۆشبەرەکان

پەیماننامە نێونەتەوەییەکانی مادده هۆشبەرەکان، بەرهەمی ئەو هاوکارییە نێونەتەوەییانەیە کە لە ساڵی 1909 تا 1988دا ئەنجام دراون. ئەم پەیماننامانە بریتین لەو ڕێکخراو و دامەزراوە نێونەتەوەییانەی کۆنترۆڵکردن و بەرپرسی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان و بنەمای هاوکاری نێونەتەوەیین دژی مادده هۆشبەرەکان و بەردەوامبوون لە سەر ئەم ڕێگایە دەتوانێ هەنگاوێکی کاریگەر بێ بۆ ڕاگیرکردنی ئەم دیاردەیە لە جیهاندا. لە پەیماننامەکاندا، جەخت لە سەر پێویستی کاری هاوبەش لە ئاستی جیهان بۆ دژایەتیکردنی مادده هۆشبەرەکان و هاوکاری نێونەتەوەیی لەسەر بنەمای کۆمەڵێك پرنسیپ و ئامانجی هاوبەش بۆ ریشەکێشکردنی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان و هاوکاری جیهانی بۆ بەسزاگەیاندنی تاوانباران کراوە.

پێویستە وڵاتان لە مەسەلەی دادوەریکردن، گواستنەوەی دادگاییەکان و چاودێریکردنی دۆسیەکاندا یارمەتی یەکتر بدەن تا سەرکەوتن لە خەباتی جیهانی دژی مادده هۆشبەرەکان وەدی بێت. لە بەرئەمە لە ماددەی 7ی پەیماننامەی پەسەندکراوی ساڵی 1988دا داوا لە لایەنە بەڵێندەرەکان کراوە کە هاریکاری نزیکی یەکتر بکەن و بۆ خەبات دژی قاچاخی مادده هۆشبەرەکان و دەرمانە سەرخۆشکەرەکان یارمەتی یەکتر بدەن.

دانەوەی تاوانباران، لە پەیماننامەی پەسەندکراوی 1981ی ماددە هۆشبەرەکاندا، چەمکێکی روونە کە ماددەی 6ی ئەو پەیماننامەیە لە 12 بڕگەدا هەلومەرج و چۆنێتی دانەوەی تاوانباران باس کراوە. جێبەجێبوونی ناوەرۆکی پەیماننامەکە لە پەیوەندی لەگەڵ دانەوەی تاوانباران کە لە پەیوەندییە یاسایی و سیاسییەکانی نێوان وڵاتاندا مەسەلەیەکی باس هەڵگرە. سەرباری ئەوەی کە پەیماننامەکە بە روونی باسی کردووە، دەوڵەتەکان بە شێوەی جیاواز لێك دەدەنەوە و یارمەتیدانی قەزایی و دانەوەی تاوانباران کەوتۆتە ژێر کارتێکەری پەیوەندی و رەفتاری سیاسی وڵاتان لەگەڵ یەکتردا. لەپەیماننامەکانی 1961و1971 دا دانەوەی تاوانباران هیچ گرەنتییەکی نییەو لە ئامۆژگاری و پێشنیار بۆ دەوڵەتان واوەتر نەچووە. ئەم مەسەلەیە لە پەیماننامەی 1988دا لەلایەن ئیمزاکەرانەوە سەرنجی وردی پێدراوە، بەڵام لە کردەوەدا جیاوازی بیروبۆچون لە ناو دەوڵەتاندا هەیە کە بووەتە هۆی جێبەجێنەبوونی ناوەرۆکی پەیماننامەکەی لەمەڕ دانەوەی تاوانباران. یاسای دراوی ساختەی نێونەتەوەیی یەکێك لە بەرچاوترین هەوڵەکانە لە پێناو خەبات دژی قاچاخی ماددە هۆشبەرەکاندا. ماددەی 3ی پەیماننامەی پەسەندکراوی 1988 لایەنە بەڵێندەرەکان و دەوڵەتانی ئەندامی ناچار کردووە کە ئەو دراوە ساختەیەی کە بەرهەمی قاچاخی ماددە هۆشبەرەکانە، لە یاسا پەیوەستەکانی خۆیاندا بە تاوان لە قەڵەم بدەن. دروستکردنی دراوی ساختە، پرۆسەیەکە کە تێیدا ساختەکار سەرچاوە و داهاتە نایاساییەکان دەگۆڕێ بۆ حاڵەتی یاسایی.

ده ساڵ دوای پەیماننامەی 1988، واتە لە ساڵی 1988دا لە کۆبوونەوەکانی تایبەتی کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بە ئیمزای 185 وڵات راگەیەندراوی سیاسی پەسەندکرا کە لە رەشنووسەکەیدا داوا لە وڵاتان کراوە کە ئەو پارە ساختەیەی کە لە ئەنجامی قاچاخی ماددە

هۆشبەرەکان و تاوانەکانی دیکەی پەیوەندیدار بەدەست دێن و هەروەها ئەو قازانجە ماددییانەی کە وڵاتان لەم پەیوەندییەدا چنگیان دەکەوێ، مەحکووم و ریسوا بکەن و بۆ جێبەجێکردنی ناوەرۆکی پەیماننامەکەی 1988 لە بواری خەبات دژی دروستکردنی پارەی ساختە، چەند پرنسیپێکی پێشنیار کردووە. ئامادەکردنی چوارچێوەیەکی یاسایی گشتگیر، ناسینی تەواوی باندەکان، دۆزینەوە و دەستبەسەراگرتنی ئەو دەسکەوتانەی بە هۆی تاوانەوە وەچنگ کەوتوون، ئامادەکردنی سیستمێکی یاسایی- دارایی کاریگەر لە پێناو بەرگریکردن لە دەستڕاگەیشتنی تاوانباران و ...هتد، بەشێکن لەوپرنسیپانەی لەم راگەیەندراوەدا پێشنیار کراون.

میکانیزمەکانی بەرگریکردن لە ئاستی نێونەتەوەییدا

وەگەڕکەوتنی سەرمایە و قازانجی زۆر و زەوەندی قاچاخی نێونەتەوەیی ماددە هۆشبەرەکان کە لە نێوان 400 تا 600 ملیارد دۆلاردا مەزەندەکراوە، هۆکارێکە کە ئەم دیاردەیەی کردۆتە شتێکی دڵخۆشکەر بۆ هەندێ لە سیاسەتمەدارەکان و دەوڵەتەکان و بۆتە هۆی ئەوەی کە باندەکان، گرووپە سیستماتییەکان و قاچاخچییەکان هەست بە ئاسایش بکەن، لە ئاستی نێونەتەوەییدا بوارەکە بە گونجاو بزانن و بە بەشداریکردنی راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی هەندێ لە دەوڵەتان و دەستڕۆیشتوویی لە نێو حکومەتەکاندا دەست بکەن بە بازرگانیکردنی ماددە هۆشبەرەکان.

کێشەی جیهانی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاستی نێونەتەوەیدا پێویستی بە میکانیزمی پێشگیرانە هەیە تا پێش بە بەقەیرانبوونی ئەم دیاردەیە بگرن.

ئەم میکانیزمانە بریتین لە:

أ- كۆنترۆڵكردن و كەمكردنەوەی ویستە و دەرخستەی كێشانی مادده هۆشبەرەكان

1. هۆكارەكانی چوونەسەری ویستە و دەرخستە

1-1. ناهاوسەنگی لە نێوان كەمكردنەوەی داخوازی و دژایەتیكردنی دەرخستن لە ئاستی نەتەوەیی (نیشتمانی)دا.

1-2. دژایەتیكردنی بە زەبروزەنگ بە پشتبەستن بە هێزە ئەمنی و سەربازییەكان.

1-3. دوورەدەستبوونی سەرچاوەی سەرەكی بەرهەمهێنان و قاچاخی مادده هۆشبەرەكان.

1-4. پشتگوێخستنی لایەنە جیاوازەكانی ئەم دیاردەیە لە كاتی دارشتنی ستراتیژی رووبەڕووبوونەوەدا.

1-5. تەحریمكردن و قەدەغەكردنی مادده هۆشبەرەكان.

1-6. ناكۆكی نێوان یاساكانی خەبات دژی مادده هۆشبەرەكان لە ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا.

1-7. دەستێوەردانی سیاسەت لە یاسا نێونەتەوەییەكاندا و بایەخنەدانی دەوڵەتەكان و بەسیاسیكردنی مەسەلەی مادده هۆشبەرەكان.

1-8. خەباتی بێ بەرنامە و ناهەماهەنگ لە دژی چاندن، بەرهەمهێنان، بڵاوكردنەوە و قاچاخی مادده هۆشبەرەكاندا.

1-9. كێشەكانی كۆمەڵگە، لە رووی ئابووری، كۆمەڵایەتی و كەلتوورییەوە.

1-10. دڵخوازبوونی رێژەیی، هێوركەرەوە و ئارامبەخشبوون و لایەنە دەرمانییەكانی مادده هۆشبەرەكان.

1-11. بەربڵاوی قاچاخی مادده هۆشبەرەكان و هەوڵی قاچاخچییەكان.

1-12. گرووپی گیرۆدەكان (گیرۆدەبوونەكان) لە ئاستی نێونەتەوەییدا، هۆكاری چوونەسەری ویستە و دەرخستەن.

2. هۆكارەكانی كەمبوونەوەی ویستە و دەرخستە

كەمبوونەوە و كۆنترۆڵكردنی هۆكارەكانی چوونەسەری ویستە و دەرخستە و سەرنجدان بەو 12 هۆكارەی سەرەوە، جێبەجێكردنی بەرنامە ئامانجدار و پێشگیرانەكان لە لایەن دامەزراوە كەلتووری، كۆمەڵایەتییەكان، میدیا و بڵاوكراوەكان و پێكهێنانی هێزی هاندەر و هیوابەخش، پڕكردنەوەی كاتەكانی بێكاری لاوان بە شێوەی پەروەردە و فێركردنی بنەماڵەكان و كۆمەڵگە و دروستكردنی پەیوەندییەكی لۆژیكی بۆ پێشگیریكردن و كەمكردنەوەی داخوازی لە چوارچێوەی ستراتیژێكی هاوئاهەنگدا دەتوانێ ببێتە هۆی كەمبوونەوەی داخوازی و كۆنترۆڵكردنی دەرخستەی مادده هۆشبەرەكان.

بۆ دانانی ستراتیژی لە خەبات دژی مادده هۆشبەرەكاندا، پێویستە هۆكارە سەرەكی و لاوەكییەكانی چوونەسەری داخوازی بناسرێن و كەمبوونەوەی ویستە و دەرخستە لە رووبەڕووبوونەوەیەكی ریشەییانەدا هاوسەنگ بكرێن. پێویستە هەنگاوەكانی پێشگیریكردن لە پرۆسەیەكدا جێبەجێبكرێن و وەك پێویستیەكی كۆمەڵایەتی و كەلتووری بایەخی تایبەتیان پێ بدرێ.

ب: گۆڕان لە مۆدێلی چاندندا

یەكێك لە هۆیەكانی راكێشرانی وەرزێرەكان بەرەو لای بەرهەمهێنانی خەشخاش، كۆكا و شادانە پڕقازانجبوون و نرخی بەرزی بەرهەمەكانی مادده هۆشبەرەكان و داهاتی ئابووری و سازگاربوونی ئاووهەوایە. یەكێك لە رێگا

پێشنیارکراوەکان بۆ کەمکردنەوەی دەرخستەی ماددە هۆشبەرەکان، جێگرتنەوەی بەروبوومی ڕێپێدراوە. ئەم کارە پێویستی بە ئیرادەیەکی نەتەوەیی، بەرنامەی نیشتمانی و هاوئاهەنگ، یارمەتی نێونەتەوەیی، تەرخانکردنی ئامێر و کەرەسەی کشتوکاڵی و ئامادەکردنی دەوڵەتەکان لە پێناو گۆڕینی مۆدێلی چاندندا هەیە. چاندنی کاکاو ، قاوە، ئاناناس و کاوچۆ وەك جێگرەوە پێشنیار کراوە.

ج: کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان و گومرگەکان

قاچاخ و ترانزیتی ماددە هۆشبەرەکان پەیوەندی ڕاستەوخۆی لە گەڵ سنوورە خاکی، ئاوی و هەواییەکاندا هەیە. قاچاخچییەکان جگە لە گواستنەوە و گەیاندنی ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێگای سنوورە نافەرمییەکانەوە، وازیان لە سنوورە فەرمییەکانیش نەهێناوە، بەڵکو بە شێوەی جۆراوجۆر ماددە هۆشبەرەکان قاچاخ دەکەنو بارە قاچاخەکان ئاودیو دەکەن.

کۆنترۆڵکردنی سنوورەکان پێویستی بە بەرنامەی نەتەوەیی و هاوکاری نێونەتەوەیی هەیە. بەستنی سنوورەکان لە ڕێگای لەمپەرە جۆراوجۆرەکانەوە، زیادکردنی بارەگاکانی سەرسنوور و بەهێزکردنی گومرگەکان بە هۆی ئامێر و کەرەسەی ئەلەکترۆنی و پێشکەوتوو، هۆکارێکی گرنگن بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی قاچاخی نێونەتەوەیی ماددە هۆشبەرەکان و دامەزراندنی دەرخستە و کۆنترۆڵکردنی داخوازی بۆ ماددە هۆشبەرەکان.

دەرەنجام

لە پەیماننامەی شانگهای چینییەوە وەك یەکەمین هەنگاوی نێونەتەوەیی دژی ماددە هۆشبەرەکان لە ساڵی 1909 تاکو ئەمڕۆ 94 ساڵە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دژی کێشان و قاچاخی ماددە هۆشبەرەکان هاوکاری یەکتر دەکات. ڕەوتی گۆڕین و باشترکردنی ئەو هەنگاوانەی لە پێناو کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی کێشان و قاچاخی ماددە هۆشبەرەکان هەڵگیراون، پەسەندکردنی پەیماننامەکان، دامەزراندنی دەزگا سەرەکی و لاوەکییەکانی کۆنترۆڵکردنی ماددە هۆشبەرەکان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و هاوکاریکردنی وڵاتان لە ئاستی ناوچەیی و نێونەتەوەییدا و بەرنامە نەتەوەییەکان بۆ خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکان، تێکڕا باس لەو ڕاستیە دەکەن کە دیاردەی ماددە هۆشبەرەکان پەتایەکە بۆ هەموو خەڵکی جیهان و تێکڕای وڵاتان سەرباری ئەوەی لە ڕووی کەلتووری، ئایینی، کۆمەڵایەتیو قەوارەی سیاسی و حکومەتییەوە جیاوازن، دەستە و یەخەی ئەم کێشەیەن.

ئامار و زانیارییە بڵاوکراوەکان باس لەو شتە گرنگە دەکەن کە پەیماننامە نێونەتەوەییەکان، هەوڵ و هەنگاوە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیە و کەمکردنەوەی پەخشکردن و داخوازی بۆ کێشانی ماددە هۆشبەرەکان، بەگوێرەی پێویست نەبووە و خەبات دژی کێشان و قاچاخی نێونەتەوەیی ماددە هۆشبەرەکان لە چوارچێوەی جوگرافیایی وڵاتان و تێچووە پرژ و بڵاوەکانیش نەیتوانیوە پێش بە گەورەبوونەوەی ئەم دیاردەیە بگرێ.

لە دەمی ئێستادا، بازرگانیکردن بە مادده هۆشبەرەکان، وەك پرۆسەیەکی لێهاتووە کە ڕێکخراوەکان، کارتێلەکان، گرووپە سیستماتییەکان و باندە تاوانکار و مافیاییەکان قازانجی لێدەخۆن و بەرژەوەندی وڵاتانی بەرهەمهێنەر، وڵاتانی ترانزیت (سەر ڕێگای قاچاخکردن)، دەسەڵاتە گەورەکان و قاچاخچییە نێونەتەوەییەکانی پێکەوە بەستووە و بۆتە یەکێك لە پڕقازانجترین مامەڵە نێونەتەوەییەکان و دیارە بەردەوامبوونی بەستراوەتەوە بە داخوازی بۆ کێشان. سەرباری هەوڵەکان و وەرچەرخانە دڵخۆشکەرەکان، دیسانەوە نیگەرانییەکان نەبڕاونەتەوە. بازرگانی پڕقازانجی مادده هۆشبەرەکان بە شێوەی قاچاخکردن و ترانزیت هەر بەردەوامە و دەوڵەتەکان پارەیەکی زۆر دەکەنە خەرجی کەمکردنەوەی پەخشی مادده هۆشبەرەکان. توندوتۆڵ نەبوونی سنوورەکان، پێویستی سیاسی و ئابووری هەندێ لە دەوڵەتەکان بە داهاتی مادده هۆشبەرەکان، هاتنە ناوەوەی ڕێکخراوەکان، کارتێلەکان و قاچاخچییە نێونەتەوەییەکان بۆ نێو بواری مادده هۆشبەرەکان، پەرەسەندنی تاوانی تایبەت بە قاچاخی مادده هۆشبەرەکان بۆ وێنە قاچاخی چەك و تەقەمەنی، ئینسان رفێنی، دزی و جەردەیکردنی چەکدارانە، قۆڵبڕین لە ئاستی نێونەتەوەییدا و گەشەکردنی تاوانی سیستماتی، هەڕەشە لە کۆمەڵگەی جیهانی دەکات و دیاردەی قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان چۆتە ریزی قەیرانەکانی ژینگە، هەژاری و چەکی ناوکییەوە. هەر ئەمەشە کە بەرنامەی نێونەتەوەیی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی مادده هۆشبەرەکان ((UNDCP بەم ئاکامە گەیشتووە کە دەبێ لە ئاستی جیهانیدا دژی مادده هۆشبەرەکان خەبات بکرێ و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان هەوڵ دەدات ئەو وڵاتانەی کە لەسەر ڕێگای تێپەڕینی کاروانەکانی مادده هۆشبەرەکاندان، پڕ چەك بکات. دیاردەی مادده هۆشبەرەکان بە شێوەیەك کە هیچ وڵاتێك بە تەنیا

ناتوانێ لەم شەڕە شاراوەیەدا سەربکەوێ و دەبێت ئیرادەی بە هێزی نێونەتەوەیی لە ئارادا هەبێ و هاوکاری دەوڵەتەکان بکرێ بە شێوەی بنچینەی سیاسەتی خەبات دژی مادده هۆشبەرەکان پەیڕەو بکرێ. پێداچوونەوە بە سەر پەیماننامە نێونەتەوەیەکاندا، ناچارکردنی وڵاتان بۆ پەیوەستبوون بە پەیماننامەکان و تەحریمکردنی وڵاتە پێشێلکارەکان، هاوکاری وڵاتان و ڕێکخراوە نێونەتەوەیەکان لە رووی یاسایی و قەزاییەوە. تۆمارکردنی تاوانی قاچاخکردنی مادده هۆشبەرەکان وەك تاوانێکی نێونەتەوەیی و دیاریکردنی ستراتیژییەك بۆ کاری هەماهەنگ و هاوسەنگ لە پێناو کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی پەخش و داخوازی بۆ کێشانی مادده هۆشبەرەکان، تێکڕا ستراتیژی رووبەروبوونەوەن لە گەڵ کێشەی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکاندا. تەحریمکردن و زەبروزەنگ نواندن لەگەڵ دیاردەی مادده هۆشبەرەکاندا نەك هەر نەیتوانیوە پێش بە رەوتی روو لە گەشەی کێشان و قاچاخی نێونەتەوەیی مادده هۆشبەرەکان بگرێ، بەڵکو تاوان و زەرەر و زیانی کەسی و کۆمەڵایەتی و نەخۆشی وەك ئایدز، هپاتیت و بەفیڕۆچوونی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکانی لێ کەوتۆتەوە. رەوشەکە وای لێهاتووە کە ریشەکێشکردن و سڕینەوەی (گیرۆدەبوون) و کێشانی مادده هۆشبەرەکان وەك ئایدیالێکی لێهاتووە.

به مەبەستی کەمکردنەوەی داخوازی بۆ کێشانی مادده هۆشبەرەکان و دەرمانە سەرخۆشکەرە نایاساییەکان پێویستە لە ئاستی نەتەوەییدا بەرنامەیەکی بەربلاوی سیاسی، کەلتوری، کۆمەڵایەتی و تەندروستی جۆراوجۆر بۆ ڕێگەگرتن لە کێشانی مادده هۆشبەرەکان، تاکەکانو بنەماڵەکان لەخۆ بگرێ تا بەم شێوەیە بکرێ دژ بەم دیاردەیە و ئاکامە نەخوازراوەکانی لە نێوکۆمەڵگەدا خەبات بکرێ.

گۆڕینی مۆدێلی بەرهەمهێنان و چاندنی بەروبومی ڕێگەپێدراوی وەك کاکاو، ئەناناس، قاوە و کاوچۆ لە جیاتی چاندنی خەشخاش، گرەنتیکردنی نرخ و کڕینەوەی بەروبوومی نوێ، دانی یارمەتی مالّی بەو دەولّەت و وەرزێرانەی کە ئابووری و گوزەرانیان لە ڕێگای بەرهەمهێنانی خەشخاشەوە دابین دەکرێ، میتۆدێکی سەرەکی و پێویستە بۆ کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی پەخشی ماددە هۆشبەرەکان لە جیهاندا. جێبەجێکردنی ئەم سیاسەتە لە ناوچەی کەوانەی زێڕین و بە تایبەت لە ئەفغانستاندا کە لە سالّدا زیاتر لە 4000 تەن تلیاك بەرهەم دەهێنێ، دەتوانێ ببێتە وەرچەرخانێکی گرنگ لە یەك سەدە خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکان و هەنگاوێکی کارا و بەپەلە بێت بۆ ڕزگارکردنی ملیۆنان مرۆڤ لە سەرانسەری جیهاندا.

بە چاو خشاندنێك بەسەر ڕەوتی گۆڕانکارییەکان و هەنگاوە نەتەوەیی و نێونەتەوەیەکان، هاتنە ناوەوەی دەسەلاّت، سیاسەت و ئابووری بۆ بواری ماددە هۆشبەرەکان، لایەنی دەرمانی و دابەشکردنی ماددەهۆشبەری ڕێگەپێدراو...هتد، دەتوانین بەو ئاکامە بگەین کە سیاسەتی جیهانی، لە پێناو سڕینەوەی دیاردەی قاچاخی نێونەتەوەیی ماددە هۆشبەرەکاندا کار ناکات و خەبات دژی ئەم دیاردەیە لە ئاستی جیهانیدا و لە هەندێ لە وڵاتاندا، پارادۆکسی کرۆك و ڕوالّەتەکەی یەك ناگرنەوە. لە ڕوالّەتدا ئەم خەباتە، خەباتێکی ڕێکخراوەیی، خاوەن بەرنامە، پرنسیپ و ڕێسایەکە کە هەوێنی هەولّە نەتەوەیی و نێونەتەوەییەکانە، کەچی کرۆکی ئەم خەباتە دەسەلاّت، سیاسەت و ئابوورییە کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە خزمەتی بەرژەوەندی دەسەلاّتدارانە. کۆماری ئیسلامی ئێران لە بەرئەوەی یەکەم وڵاتە کە کەوتۆتە سەر ڕێگای ترانزیت و دەستەو یەخەی ئەم دیاردەیە و کەوتۆتە نێو گەمەیەکی پڕ مەترسییەوە، لە هەموو وڵاتە بەرهەمهێنەر و

کڕیارەکاندا زیاتر لە ڕووی هێزی مرۆیی و ماددییەوە خەساری پێگەیشتوە، کەواتە پێویستە کە بەرنامەی خەبات دژی ماددە هۆشبەرەکان و دەرەنجامەکانی خوێندنەوەیەکی تازەی بۆ بکرێ و تاوتوێ بکرێتەوە. بۆ وێنە یەکێك لە هۆکارەکانی پەرەسەندن و کێشانی ماددە هۆشبەرەکان و گیرۆدەبوون لە کۆمەڵگەدا، دژایەتیکردنی ترانزیتی ئەم ماددەیە. ملیۆنەها گیرۆدەبوو لە جیهاندا پێویستیان بە ماددە هۆشبەرەکان هەیەو 79٪ی تلیاکی جیهان لە ئەفغانستاندا بەرهەم دەهێنرێ و بە هۆی قاچاخچییە نێونەتەوەییەکانەوە لە ڕێگای سنوورەکانی ڕۆژهەلاّتی ئێرانەوە دەگاتە ئەوروپا و ئەمریکا. لە ئاستی نەتەوەییدا و بۆ ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی لە دەست بەلاّی گیرۆدەبوونو کێشەی ماددە هۆشبەرەکان و بە ئامانجی کۆنترۆڵکردن و کەمکردنەوەی پەخش و داخوازی بۆ کێشانی ماددە هۆشبەرەکان، وێڕای بایەخدانی جددی بە سنووری ڕۆژهەلاّتیەکانی وڵات، پێکهاتەی دانیشتوان، باری کەلتووری، کۆمەلاّیەتی، باری ژیان و گوزەران و ئابووری خەڵکی ئەو ناوچانە، دژایەتیکردنی ترانزیت لە بەرنامەی نەتەوەیی ماددە هۆشبەرەکان وەلا بنرێ و ستراتیژی خۆپاراستن لە بەرامبەر قەدەغەکردن لە لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە، وەك سیاسەتی بنچینەیی و گشتی جەختی لە سەر بکرێت.